المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:1-23
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# خۆزگەی بەئاژەڵبوون لە شیعری کوردیدا

## بە نموونەی شیعری "ئەگەر من و تۆ سەگ بووینایە"ی قوبادی جەلیل زادە

بێستون عارف عەزیز[1]، عطا رشيد حسين[2]
[1,2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
[1]بەشی وەرگێران، زانکۆی جیهان- سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: bestun.aziz@univsul.edu.iq[1], Atta.Husain@univsul.edu.iq[2]

**پوختە:**

خۆزگەی بەئاژەڵبوون دیاردەیەکی دیاری نێو ئەدەبی کۆن و نوێیە و بەگشتی وەک لایەنی زنجیرەیی ڕوودانەوە بە قۆناغی بەدی نەهاتووی پێش بەدگۆڕان "*Metamorphose*" دادەنرێت، کە لەلایەن بەشێک لە شاعیرانی کۆن و نوێی ئەدەبی کوردییەوە خراوەتە بەر باس و جۆرە باوەڕێکی نیهلیستی لای شاعیران ئەفراندووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەگشتی و بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژیانە ئاوڕدانەوەیە لە بەشێک لەو شیعرانەی ئەم خۆزگەیەیان تێدا بەدی دەکرێت. هاوکات سەرنجی زیاتریش خراوەتە سەر شیعری "ئەگەر من و تۆ سەگ بووینایە"ی قوبادی جەلیل زادە و هۆکارەکانی پشتی ئەم باوەڕە نیهلیستییەی وا لە شاعیر دەکات، کە لە سەردەمی نوێ و لە هەلومەرجێکی ئێستاییانەدا خۆزگەیەکی چاوەڕوانکراو لە ئەدەب و چاوەڕواننەکراو لە واقیعدا بخوازێت.

**کلیلەوشەکان:** خۆزگە، شیعر، بەئاژەڵبوون.

**الملخص:**

هذا البحث محاولة تحليلية لدراسة موضوع (تمني التحول الى الحيوان في الشعر الكردي بصورة عامة و في شعر "لو كنا أنا و أنت كلبين") للشاعر "قوباد جليل زاده" بصورة خاصة، ولأجل ذلك قسمنا البحث على محاور تحليلية.

بدأ الدخول إلى موضوعنا درسنا التحول الى الحيوان من المنظورين الفلسفي والأدبي، ثم جعلنا التحليل يسلك طريق دراسة الموضوع في الشعر الكردي بصورة عامة و مثلنا لذلك بعدد من الشعراء في مختلف عصور الأدب الكردي، و كانت لنا وقفة أطول على شعر " لو كنا أنا و أنت كلبين"ل " قوباد جليل زاده"، وفي ذلك السياق تأملنا نقديا في الأسباب و الدوافع التي وصلت بالشاعر إلى القناعة بأن حياة الحيوان مقارنة بحياة الإنسان أقبل و أحسن. و من الواضح أن تلك القناعة تأتي من و عي عميق لتجربة حياة الأنسان، ذلك على الرغم من فناء قيم الموضوعات الأنسانية مثل: الحرية- الدين- الثقافة- السياسة- الطبيعة- التكنلوجيا...إلخ.

تكمن أهمية البحث في كونه يوضح ظاهرة جلية في الشعر القديم و الشعر الحديث في الأدب الكردي ويجسد الإشارات و الدلالات المختلفة لهذا النوع من التمني إلى جانب كونه نوعا من الموازنة و كشف الأسبابى الكامنة وراء هذا التمني في المرحلتين.
وفي الختام بينا النتائج التى تم التوصل إليها في البحث مع تصنيف قائمة المصادر المستعملة وفق نظام هارفارد الذي يعد أحدث نظام متبع في الوقت الحالي.

**الكلمات المفتاحية:** تمني، الشعر، المسخ.

**Abstract:**

This paper is an attempt to analyze the subject of wishing to be the animal in Kurdish poem in general and “Qubad Jalil Zada’poem if we were dog” in particular. for this reason, we divided this study into some parts. First we discuss about the subject of animalization according to philosophical and literary perspective. Then we talked about it in Kurdish poem in general and we studied some the works of some Kurdish poets. We focused on “Qubad Jalil Zada’poem if we were dog” and analyzed


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

the reasons which led him to believe that the life of animal is better than the life of humanbeings. This idea come from the deep awareness and experience of the poet which he has about the life of people, despite the ending of the human' value such as liberty, religion, culture, politics, nature and technology. The importance of this study is that we explain the phenomenon in classical and modern Kurdish poetry, and we compare the reason of this phenomenon in both periods. In conclusion we talked about some points we reached throughout this study and writing the references according to Harvard system which is the newest system.

**Key words:** Wish fulfillment, Poem, Metamorphose.

**پێشــەکی:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی شیکارییانەیە بۆ باسکردنی بابەتی "خۆزگەی بەئاژەڵبوون لە شیعری کوردی بەگشتی و شیعری "ئەگەر من و تۆ سەگ بووینایە"ی قوبادی جەلیل زادە بەتایبەتی. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکەمان بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکردووە.

بەشی یەکەم، کە زیاتر بەشێکی تیۆرییە و لەم تەوەرانەی خوارەوە پێکهاتووە:

- بەئاژەڵبوون لە چەند دیدێکی فەلسەفییەوە.
- بەئاژەڵبوون لە چەند دیدێکی ئەدەبییەوە.
- بەئاژەڵبوون لە شیعری کوردییدا.

بەشی دووەمیش، کە زیاتر بەشێکی پراکتیکییە و بنیاتی توێژینەوەکەی لەخۆگرتووە، هەوڵمانداوە بەشێوەیەکی زانستی ئاماژە بەو دەقە شیعرییەی شاعیر بدەین، کە تیایدا هەڵوێست و گەڕان بەدوای باکگراوندی ئەو باوەڕەی وای لە شاعیر کردووە، کە خۆزگەی بەسەگبوون بخوازێت و ژیانی ئاژەڵی بە بەراورد بە ژیانی مرۆڤی لەلا پەسەندتر بێت، کە دەڵێت: ((ئەگەر من و تۆ سەگ بووینایە)). دیارە، ئەمەش لە ئاگاییەکی قووڵی ناو ئەزموونی ژیانی مرۆڤانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمە سەرباری نەمانی بەهای بابەتە مرۆڤییەکانی وەک: ئازادی- ئایین- کولتوور- سیاسەت- سروشت- تەکنەلۆژیا...هتد.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم بابەتە بە پێچەوانەی زۆری و باوییەکەی لە شیعری کۆن و نوێی کوردیدا کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە و شیکاریی و هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەش بە مەبەستی ئاوڕدانەوەیە لەم بابەتە و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەیە لە ڕەخنەی کوردیدا.

**گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە دیاردەیەکی بەرچاوی نێو شیعری کۆن و نوێی ئەدەبی کوردیمان ڕوون دەکاتەوە و ئاماژە و دەلالەتە جیاوازەکانی ئەم جۆرە خۆزگەیە بە بەڵگە و شێوازی جیاواز دەخاتە پێشچاو، ئەمە جگە لە شێوە بەراوردکردنێک و هۆکارەکانی پشتی ئەم خۆزگەیە لە هەردوو قۆناغدا دەخاتەڕوو.

**سنووری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیەک بەگشتی کارکردنە لەسەر دوو کاتی جیاواز، کاتێک کە شیعری کۆن و نوێی کوردی لەخۆدەگرێت، کە هەڵگری ئەم جۆرە تێمە و خۆزگەیە. کاتێکیش کە هاوچەرخانەیە و تەنیا کار لەسەر شیعری "ئەگەر من و تۆ سەگبووینایە"ی قوبادی جەلیل زادە دەکات.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەو میتودەی لە کاتی توێژینەوەکەدا پەیرەو کراوە زیاتر میتۆدێکی شیکاری و هەڵێنجاندن (استقرائی)یە، چونکە خۆزگەی بەئاژەڵبوونمان لە خودی دەقە شیعرییەکانەوە شیکردووەتەوەو کۆمەڵێک هۆکارمان هەڵێنجاوە، کە بوونەتە هۆی ئەفراندنی ئەو بڕوایە لای شاعیرانی کۆن و نوێ و قوبادی جەلیل زادە بەتایبەتی...

لە کۆتاییشدا بە چەند خاڵێک ئەنجامە بەدەستهاتووەکانمان خستووەتەڕوو، لەگەڵ نووسین و پۆلێنکردنی لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان بەپێی سیستێمی هارڤارد، کە نوێترین سیستێمە و لە توێژینەوە ئێستاییەکاندا بەکاردەهێنرێت، پاشان پوختەی توێژینەوەکەشمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستووەتەڕوو.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## بەشی یەکەم/ تیۆریایەک لەسەر بابەتی بەئاژەڵبوون لە چەند دیدێکی جیاوازەوە

### 1- بەئاژەڵبوون لە چەند دیدیکی فەلسەفییەوە:

بابەتی بە ئاژەڵبوونی مرۆڤ و بە مرۆڤبوونی ئاژەڵ پەیوەندی بە چۆنێتی سەرهەڵدانی ژیان و دروستبوونی بوونەوەرەوە هەیە، پەیوەندی بە شێوە وەرگرتنی ئێستایی بوونی مرۆڤەوە هەیە، بەو پێیەی ((یەکەم ڕیزبەندی ئاژەڵ پەیوەستە بە کۆتا ڕیزبەندی ڕووەکەوە، کۆتا ڕیزبەندی ئاژەڵیش پەیوەستە بە یەکەم ڕیزبەندی مرۆڤەوە. یەکەم ڕیزبەندی ڕووەکیش پەیوەستە بە کۆتا ڕیزبەندی مەعدەنەوە، یەکەم ڕیزبەندی مەعدەنیش پەیوەستە بە خۆڵ و ئاوەوە))(الیاس:1976،33).

ئەم بابەتە ڕوانگەیەکی قووڵی فەلسەفی هەیە، لەسەر بنەمای خواستنی هەندێک سیفەتی ئاژەڵی بۆ مرۆڤ و سیفەتی مرۆڤی بۆ ئاژەڵ باسکراوە، کە بەپێی چۆنێتی بیرکردنەوە و جۆری قوتابخانەی کارکردنی فەیلەسوفان، هۆکاری جیاجیایان پێشنیازکردووە و لە گەڵێک گۆشەنیگای مەبەستداری جیاوازەوە لێیان ڕوانیوە. بۆ نموونە لە ڕوانگەی هەوڵە تیۆرییەکەی داروینەوە " *Charles Darwin 1809-1882*"، کە پێی وابوو ((تەواوی زیندەوەران بە جیهانی ئاژەڵ و ڕووەکەوە ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی یەکەم شانەی ئۆرگانی. واتە هەر هەموومان وەک زیندەوەرانێک، سەرەڕای ئەوپەڕی جیاوازیمان، لە جیاوازی نێوان ئاژەڵ و ڕووەکەوە بگرە، تا جیاوازی نێوان دایباب و ڕۆڵەکەی، ئەوەی ئەو زیندەوەرە یەکشانەییەین. ئەم زیندەوەرە یەکشانەییەیە، نەک هەر ژیانی کردووە، بەڵکو نەوەشی خستووەتەوە، ئەم نەوە تازەیە، نەک هەر ژمارەی زۆر بووە، بەڵکو هەموو ئەو سیفەتە بۆماوەییانەی لە دایبابەوە بۆ ماوەتەوە، کە پێویست بوون بۆ ژیان بەسەربردن و زاوزێکردن. لەم پەیوەندییەدا بەپێی هەلومەرجی ژیان، هەر سیفەتێکی بۆماوەیی، کە زیاتر یارمەتیدەری بووە، کەڵەکە بووە و ئەوانی تر خراوەتە لاوە، بەو پێیە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەرچی زیاتر جیاوازی کەوتۆتە نێوان تاکەکانی نەوە لەدوای نەوەوە، ئەمە پرۆسەیەکی بەردەوامی سروشتییە بەدەرە لە ویستی هەر زیندەوەرێک))(داروین: 2018،20). بۆیە (داروین) بە پاڵپشتی کۆمەڵێک بەڵگە لێکنزیکی مرۆڤ لە ئاژەڵەوە باس دەکات. یەکێک لەو بەڵگانەی (داروین) پەنای بۆ دەبات، بەڵگەی زانیاریی ساواناسی "کۆرپەناسی-علم الاجنە"یە، واتە لای (داروین) ((ئەو قۆناغانەی ساوا لە مناڵدانی دایکیدا دەیبڕێت و ئەو گۆڕانانەی بەسەر کورپەدا دێت، دەبێتە پاڵپشتێک بۆ چەسپاندنی وتەکانی لەبارەی گەشەکردنی مرۆڤ لەشێوەی گیاندارەکانی ماسی و گیاندارە چوارپێکانی تر و مەیمون بۆ مرۆڤ. هەروەها بە بڕوای داروینیزم، ئەگەر بەراوردێک بکرێت لەنێوان جوجکی مریشک، یان بەچکەماسی یان مەیمون لەگەڵ مرۆڤدا لە قۆناغی سەرەتایی دروستبوونیاندا هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت) (شارەزووری:1982،16).

یەکێکی تر لە بەڵگەکانی (داروین) زانیاریی یەکاڵاکردن "تویکردنەوە-تشریح"ە، کە ((لەکاتی یەکاڵاکردنەوەی هەر زیندەوەرێکدا زۆر نهێنیمان بۆ دەردەکەوێت، وەکو دەرکەوتنی جێگای چوار پەل لە پەیکەری ئێسکی مار و سەرنجدان لە پەنجەکانی مرۆڤ و مەیمون و مشک و مارمێلکە...هتد، یان چوونیەکی شێوەی سووڕانی خوێن لە مەیمون و مرۆڤدا، ماوەی سکپڕبوون و مانەوەی ساوا لە سکی دایکیدا و ماوەی شیرخواردن و گەڵێک شتی تری لەو بابەتە، کە مرۆڤ هاوبەش و هاوێنە دەکات لەگەڵ زیندەوەرانی تردا) (شارەزووری: 1982،22).

بەڵگەیەکی تری (داروین) ئەوەیە، کە پێی وایە ((هەندێکجار مناڵێک لەدایکدەبێت پارچەیەکی زیندووی نائاسایی لێبەدی دەکەین، وەکو ئەوەی لە جێگای کۆنە کلکێکی لێڕواوە بە تیسکێکی نەرمی ئاژەڵی لاشەی داپۆشراوە. بە بڕوای داروین ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ئەم ساوایە گەڕاوەتەوە بۆ بنچینە و بناغەکەی خۆی کە ئاژەڵییە. ئەم دۆخ و ڕووداوانە ناودەنێت بە "هەڵگەڕانەوە لە دۆخی مرۆڤی بۆ دۆخی ئاژەڵی-الرد" یان لەدەستدەرچووی سروشتی= فلتات الطبیعة))(شارەزووری: 1982،26).

گرنگی پێدانی تیۆری داروینی لەلایەن مادییەکانەوە بە پلەی یەک ئامانج لێی دۆزینەوەی ڕێگای چۆنێتی پەیدابوونی ژیان و مرۆڤ نییە، بەڵکو ((مەبەستیان ئەوەیە بڵێن مرۆڤ ئاژەڵە و لە باووباپیرێکی ئاژەڵی دروستبووە و هاتووە. ئەم ڕەوشت و یاسا و ئایینییەی دروستکراوە سەپێنراوە بەسەر ئادەمیزاددا هەرهەموویان کۆت و پێوەندن و مرۆڤ و هیچ ئاژەڵێکی تر جیاوازیان نییە))(شارەزووری: 1982،76).

لەڕاستیدا، (داروین) ((هەرگیز نەیویستووە هەستی دینی هیچ مرۆڤێک بریندار بکات، یان زانیاریی لەسەر چۆنێتی ژیان و گەشەسەندنی زیندەوەران بشارێتەوە، هەرگیز نەشیوتووە مرۆڤ لە مەیمونەوە گەشەی کردووە، بەڵکو دەڵێت مرۆڤ و مەیمون لە یەک باپیرەوە پەیدابوون))(ئیبراهیم: 2017،253). بەڵام کاتێک کتێبەکانی داروین لە ئەوروپا بڵاوکرایەوە و (داروین) هەوڵی نزیککردنەوەی مەیمونی لە مرۆڤ دابوو ((وێنەکێشە کاریکاتێرەکان بۆ پێکەنین و زۆرجاریش بۆ گاڵتەکردن بە تیۆرەکە، وێنەی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

مەیمونێکیان دەکرد، کە بە کورم کورم قسەی لەگەڵ مرۆڤێکدا دەکرد، یان نەخشەی بنەڕەتی مرۆڤیان دەکرد و لە مەیمونەوە دەستیان پێدەکرد، ئەم وێنانە بوونە هۆی وتنی: مەیمون باوکی مرۆڤە))(الیاس: 1976،8).

(فردریک ئەنگڵس "Friedrich Engels 1820-1895" لە توێژینەوەیەکدا بەناوی "ڕۆڵی کارکردن لە گۆڕینی مەیمون بۆ مرۆڤ"دا، کە ساڵی 1876 لە گۆڤاری "Neue Zeit" دا بڵاوکراوەتەوە، بە پاڵپشتی دیدی داروینی و لەڕوانگەی گەشەی ئابوریانەوە، سەرەتاکانی ڕێچکەی مرۆڤبوون بۆ ئاژەڵ دەگەڕێنێتەوە. (بەتایبەت مەیمون)، ئەو پێی وایە کارکردن، جووڵە و بەکارهێنان و پێویستی و جۆری خۆراک ڕۆڵی دیار و گرنگی لەم ئاڵوگۆڕەدا هەبووە، بەمرۆڤبوون و گەشەسەندنی سەرجەم کایەکانی مرۆڤ، پەیوەست دەکات بەو هێزە کارەکییەی، کە لە خودی مرۆڤدا بوونی هەیە، هەر ئەمەش مرۆڤ دەکاتە تاکە بوونەوەری گەشەسەندووی سەر زەمین. ((هەموو جیاوازییەکان لەنێوان دەستی پەرەنەگرتووی ئەو مەیمونانەی، کە لە مرۆڤ دەچن، تەنانەت ئەوانەش، کە زۆر لێی دەچن، لەگەڵ دەستی مرۆڤدا، کە بەهۆی کارکردنەوە ڕاهێنراون و پەرەیان سەندووە، ئەو دەستانەی، کە بەهۆی کارکردنەوە بەدرێژایی هەزاران سەدە، تا ئەوپەڕەکەی بەرێکی و لەباری ڕاهاتوون... ئەو کارانەی، کە لە ماوەی هەزاران ساڵدا، پێشینانمان لە قۆناغی گوێزانەوە لە مەیمونەوە بۆ مرۆڤ، پلە بە پلە دەستەکانیان بۆ گونجاندووە، لەپێشدا زۆر سووک و سانا بوونە. نزمترین گیانداری کێوی، تەنانەت ئەوانەی، کە زیاتر لە دۆخی گیانەوەرانەوە نزیکبوون و هاوکات جەستەشیانی بۆ گونجاوبوو، لە پلەیەکدا بوون، زۆرجار لە هی ئەم بوونەوەرانەی قۆناغی ناوەندی باڵاتر بوونە))(ئەنگڵس: 2005،4).

هەر بۆیە گەشەسەندنی سەرجەم ئەندامەکانی مرۆڤ لە سەر و مل و دەست و زمان و ...هتد، ئەو گۆڕانە جۆرییەی، کە بەسەریدا هاتووە، تا فۆرمی ئێستای وەرگرتووە بۆ سروشتی جووڵە و کارکردن و توانای قسەکردن دەگەڕێنێتەوە، کە سروشتێکی نەگۆڕی مرۆڤبوونە. ((لە سەرەتادا کارکردن، پاشان لەهەمان کاتیشدا قسەکردن. ئەمانە دوو هاندەری بنەڕەتین، کە بەهۆیانەوە مێشکی مەیمون لە هەموو ڕوویەکییەوە و بێ کەم و کوری بەرە بەرە ڕووەو مێشکی مرۆڤ هەنگاوی نا. هاوشان لەگەڵ پێگەیشتنی مێشکدا ئامرازەکانی پاش خۆی پێگەیشتن، واتە ئۆرگانەکانی هەستکردن. هەروەک چۆن قسەکردن لە پلە بە پلەی پەرەسەندنیدا، هەموو وردەکارییەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کە بۆ پەرەسەندنی کۆئەندامی بیستن پێویستن، بەهەمان شێوەش پەرەسەندنی مێشکەوە هەرگیز هەموو ئەندامە هەستیارەکان پەرەیان دەسەند و پێگەیشتن))(ئەنگڵس: 2005،4). بەکورتی (ئەنگڵس) پێی وایە فۆرموەرگرتنی مرۆڤ لە ئاژەڵەوە و بوونی بەم شێوەیەی ئێستای، بەرئەنجامی هەوڵدانێکی هەمەلایەنەی دوور و درێژی کارەکی مرۆڤە، بەجۆرێک، کە خودی مرۆڤیش دەکاتە دەستکردنی کار و کارکردن.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، (ئەریک فرۆم "Erich Fromm 1900- 1980" لەسەر بنەمای گەڕان بەدوای جەوهەری مرۆڤ و خورەوشت و ئاکاری مرۆڤانە و نامرۆڤانە، دوو تێڕوانینی میتافۆریانە دەهێنێتەوە، کە مرۆڤ نزیک دەکاتەوە لە سیمای ئاژەڵی، ئەوەش بەوەی مرۆڤ دەبێتە "مەڕئاسا"، کاتێک دەتوانرێت جڵەوگیر و ملکەچ بکرێت و بکەوێتە ژێر کاریگەری و هەیمەنەی سەرچاوەی دەرەوەی خۆی، ناتوانێت ملکەچ نەبێت و خۆی لە بۆتەیەکی سەربەخۆ و بڕیارداندا ببینێتەوە، بەڵکو لەسەر هەڵکەوتەیەکی پاشکۆیی خۆی تەوزیف دەکات، گوێڕایەڵە بۆ هەموو ئەو ئەرکانەی، کە لە سەرەوە بۆی دێنە خوارەوە و خۆی لە دەرکردنی ئەو ئەرکە بێبەرییە، ئەم جۆرە پێویستییان بە کەسێکە سەرکردایەتییان بکات و بڕیاریان بۆ بدات. ((ئەوانەی دەڵێن مرۆڤ بەرخە، دەڵێن: هەموو کاتێک بە ئاسانترین شێوە دەتوانرێت کاربکرێتە سەر مرۆڤ و داوای جێبەجێکردنی کارێکی لێ بکرێت، هەرچەندە ئەو کارەش زیان بە خۆی دەگەیەنێت، مرۆڤ ملکەچی سەرۆکەکانی دەبێت و ئامادەن شەڕی بۆ بکەن، هەرچەندە ئەم شەڕەش هیچ سوودی نییە، جگە لە ماڵوێرانی نەبێت. هەروەها ئامادەن باوەڕ بە هەر جۆرە قسەیەکی چروک بکەن، بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئەم قسەیە بەشێوەیەکی هەستیار و بەهێز بکرێت و دەسەڵات پشتگیری لێ بکات، بۆ نموونە: "هەڕەشەی توندی پاشا و قەشەکان، یان دەنگی ناسکی وتاربێژ و ڕووناکبیرە ئاشکرا و نهێنییەکان". پێدەچێت ئاسان بێت خەڵکی بخەیتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە، ئەوان وەکو منداڵی نیوەخەوتوو وان، ئامادەن چارەنووسی خۆیان تەسلیمی هەر کەسێک بکەن، بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئەو کەسە دەنگێکی پاک و بێگەرد، یان هەڕەشەئامێزی هەبێت، ئەو دەتوانێت بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە))(فرۆم: 2012،9).

لەبەرامبەریشدا مرۆڤ دەبێتە "گورگ ئاسا"، بە واتای بوون بە سەرچاوە، یان بێدەنگبوون لە ئاستی هەموو ئەو دڵڕەقی و کوشتن و برین و سیما دڕندەییانەی، کە لێی دەبینرێت، لەم کاتەدا مرۆڤ لە مرۆڤبوون دەکەوێت و سیمای ئاژەڵی وەردەگرێت. بەڵام((ئایا ئێمە لە هەموو شوێنێک کاری نامرۆڤانە نابینین، کە مرۆڤ لەبەرامبەر برا مرۆڤەکانی تری دەیکات: لە جەنگی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

درندانەدا. لەڕاستیشدا، لەبەرامبەر هەموو ئازار و هاواری ئەم خەڵکانەشدا، گوێی کەڕ و دڵڕەق و بێ بەزەیی دەبینین. هەموو ئەم ڕاستییانەش وای لە هەندێک بیرمەندی وەک "هۆبز" کردووە، کە بڵێت: مرۆڤ بۆ برای مرۆڤ گورگە))(فرۆم: 2012،11).

لەڕاستیدا بوون بە مەڕ، یان گورگی مرۆڤ پەیوەندی بە سیفەت و ماهییەت و چۆنێتی کاردانەوە و وەڵامی مرۆڤەوە هەیە لەبەرامبەر ئەو پێشهاتانەی دێنە سەر ڕێگای لە ژیاندا، کە بەپێی ڕەوڕەوەی مێژوو، ئایدیا جیاوازەکان و تیاژیانی لێکۆڵەران لە بینینی مامەڵەکردنی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ تێڕوانینی جیاواز و واتای ڕەمزدار هەڵدەگرێت، کە ڕەنگە سەرجەم تێڕوانینەکان بەپێی ژمارەی سەرچاوەکانیان جیاواز بن، چونکە پەیوەستە بە گەلێک لایەنی مرۆڤ و مرۆڤناسییەوە.

هەر لە سەردەمی ئەرستۆوە پێناسەی بوونی مرۆڤ بە ئاژەڵێکی عاقڵ کراوە، واتە سەر بە یەک ڕەگەزن، بەڵام لە تایبەتمەندێتیدا مرۆڤ عەقڵی هەیە. هاوکات لەسەردەمی ڕۆشنگەری و مۆدێرنەشدا ڕوانین لە مرۆڤ وەک بونەوەرێکی عاقڵ و خاوەن گەردون، کە مادام ئەم عەقڵی هەیە ئەوا دەتوانێت گەردون بەڕێوەببات و دەسەڵاتی بەسەریدا هەبێت. شایەنی باسە، ئەم ڕوانینی مرۆڤسەنتەریە بووە هۆی پێلێهەڵکێشانی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی هەموو بوونەوەرەکانی دیکە و سروشتیش بۆ بوونی خۆی. هاوکات لە پاڵ ئەم ڕوانینانەدا جۆرێک لە دژە ڕوانینی مرۆڤسەنتەر بەهۆی کارەساتە جیاوازەکانی مێژوو سەریهەڵدا، کە هەموو جەنگ و کاولکارییەکان مرۆڤ دەیکات و ئەوەی ژینگە وێران دەکات هەر مرۆڤە، بۆیە مرۆڤسەنتەری پاشەکشەی کرد و لە ئەنجامیشدا تیۆرەکەی (داروین) دوا زللە بوو لە مرۆڤسەنتەری درا.

لەڕاستیدا، خۆزگەخوازی مرۆڤ بۆ بوون بە ئاژەڵ حاڵەتێکی نائاسایی گۆڕانکارییە لە ڕوانگەی هارمۆنیای سروشت و گەردوونەوە، کاتێک گەردوون بوونەوەرانی بەپێی سروشتی پێکهاتن و ئاستی عەقڵی و جەستەیی و پلەی زیرەکی و ڕادەی هۆش و شێوازی ژیانیان لە سروشتدا جیاکردووەتەوە، مانای وایە یاسایەکی بنەڕەتی دەستلێنەدراو حوکمی ئەو چۆنێتی ئەفراندن و جووڵە و کارکردنی ئەفرێنراوەکانیش دەکات. مرۆڤ وەک باڵاترین زیندەوەری گەردوون، لەڕێگای بوونی عەقڵ و هۆش و سەلیقە پێشینەکانەوە، خاوەنی ڕاستەقینەی بوونە و هەر ئەو بۆی هەیە ببێتە خاوەنی گەردوون و کۆنترۆڵی بکات و لەپێناو خۆی و خۆشگوزەرانی خۆیدا، ئەم گەردوونە بە هەموو ڕەگەز و توخمەکانییەوە بەکاربهێنێت. لە ڕوانگەی مرۆڤیشەوە گۆڕانکاری سروشتی ئەوەیە، کە لە ئاستێکی خراپەوە بۆ ئاستێکی باش بێت، کە لە ئاستێکی نزمەوە بۆ ئاستێکی بەرز بێت. بەواتایەتی تر گۆڕانکاری بەپێی مرۆڤ ئەوەیە، هەمیشە بە ئاراستەیەک بجوڵێت، کە بوون و ماهییەتی مرۆڤایەتی دەوڵەمەندتر و باڵاتر بکات. واتە لە مرۆڤی سادە و سەرەتاییەوە بگۆڕێت بۆ مرۆڤی باڵا، بەڵام لە هەر کردار و خۆزگەخواستنێکی بەئاژەڵبووندا ئاراستەی جووڵە پێچەوانەی بارە سروشتییەکەیە، مرۆڤ لە گەوهەر و ماهییەتی مرۆڤانە ڕووتدەکاتەوە. واتە شووناسی مرۆیی لەدەست دەدات، کە بێگومان هەر ڕووداوێکی لەو جۆرەش هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سایکۆلۆژی و ئۆنتۆلۆژی خۆی هەیە. ((خۆزگەی گۆڕینی مرۆڤ بۆ هەر ئاژەڵێکی تر ڕووتکردنەوەی مرۆڤە لە بنەما مرۆییەکانی، بەڵام دەشێت ئەو هۆکارانە وا لە مرۆڤ بکەن خۆی ئاواتەخوازی ئەو گۆڕانکارییە بێت، بۆئەوەی لە ئازارە مرۆییەکانی ڕزگاری ببێت، کە دەشێت سەختترین جۆری ئازار بن، یان ڕەنگە مرۆڤ خۆی دژی ئەوە بێت لە بەها مرۆییەکانی ڕووتبکرێتەوە، بەڵام هێز و فشارەکانی دەرەوەی خۆی بیگەیەننە ئەو حاڵەتە، یان لە دەرەوەی خۆی ئەو ڕوانینە بەرامبەر دروست بکەن، کە ئەو لە بنەما و بەها مرۆییەکان ڕووتکراوەتەوە))(قەرەداغی: 2008، 32).

کەواتە، بەئاژەڵبوون پێچەوانەی ئەو پێشهاتە چاوەڕوانکراوانەیە، کە لە مرۆڤ دەکرێت، چونکە لەباری ئاساییدا ئەوەی پێشبینی ناکرێت ئەوەیە، کە مرۆڤ وەک باڵاترین زیندەوەر بگۆڕدرێت بە زیندەوەرێکی تر، یان خۆزگە بە ژیانی بەئاژەڵبوو بخوازێت، چونکە مرۆڤ بەرزترین و باڵاترین زیندەوەری سەر زەوییە و غەریزەیەکی بەردەوام درێژکراوەیی هەیە، ئەویش ویستی خۆباڵاکردن و خۆبەرەوپێشبردنە، کە بێگومان بە بوونی، یان بە گۆڕانی بە زیندەوەرێکی تر ئەو غەریزەیە و ئەم ویستەی لەلا پێچەوانە دەبێتەوە. هەر بۆیە((کاتێک مرۆڤ لە بوونی مرۆیی خۆی دابماڵرێت، ئیتر هیچ شتێک لە گەردووندا مانای نامێنێت، ئەوە ئاشکرایە، گەردوون بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە تەنیا لەکاتی بوون و ئامادەبوونی مرۆڤدا پێناسەیان هەیە، کاتێک مرۆڤ لە شووناسی خۆی ڕووتبکرێتەوە، ئیتر هیچکام لەو ڕەگەزانەش پێناسەیان بۆ ناکرێت))(قەرەداغی: 2008، 43). کەواتە، بەئاژەڵبوونی مرۆڤ جگە لە ڕووتبوونەوەی مرۆڤ لە بەهاکانی، ڕووتبوونەوەی کۆی گەردوون و ژیان و ژیانبەرێکردنیشە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**2- بەئـاژەڵـبوون لـە چـەنـد دیدێـکی ئـەدەبییـەوە:**

ئەم بابەتە دیاردەیەکی مێژینەی دونیای ئەدەبە، بەپێی سەردەم و گۆڕان و ڕەوتە ئەدەبییەکان ئەرک و کارنامەی جیاجیای پێبڕاوە. لە سەردەمانی کۆندا کاتێک چیرۆکنووسێک لە زمانی ئاژەڵانەوە ویست و موعاناتی مرۆڤی گێراوەتەوە، یان مرۆڤێک دەکاتە ئاژەڵێکی تر، لەلایەک بۆ گەیاندنی مەبەست بەشێوەی ناڕاستەوخۆیی و خۆرزگارکردن لە دۆخی لێپرسراوێتی، ترسی لە دەسەڵات و ڕەخنە قبوڵنەکردن هەبووە، ترسی نەبوونی سەربەستی و تیاچوون لەڕێگەی ئەدەبەوە هەبووە، لێرەوە چیرۆکنووس دونیای چیرۆکی خۆی و پێشنیاز و تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی خۆی لەڕێگەی هێمای ئاژەڵانەوە گەیاندووە. لەلایەکی ترەوە زۆربەی سەربوردە و ڕووداوی ئەو بەرهەمانە لەشێوەی حیکایەت و ئەفسانەدا داڕێژراون، کە لەم شێوە داڕشتنەشدا ڕێگە بە بەکارهێنانی هەموو پێکهێنەرانی زەوی و گەردوون و گیانداران دەدرێت ڕۆڵ بگێڕن و ببنە پاڵەوانی سەرەکی، بۆیە ئاساییە چاوەڕێی نائاساییبوونیان لێ بکرێت، یان دوالیزمییەکی ڕەها لە یەک ڕووبەردا کۆبکرێنەوە، یان ڕەگەزە گونجاوەکان نەگونجاو بکرێن، هەروەک زۆربەی ئەفسانە یۆنانییەکان و بەرهەمە گێڕانەوەئامێزەییە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات، لەوانە: "ئیزۆپ، هەزار و یەک شەوە، کەلیلەو دیمنە...هتد". بۆ نموونە لە هەزار و یەک شەوەدا ((ڕووداوەکانی نێوی نائاساییێن!! تێیدا جنۆکە دەبێتە مرۆڤ و مرۆڤ دەبێت جنۆکە، جووتبوونی ناپەسەندیدەی مرۆڤ و ئاژەڵ...! ژنان دێوان! پیاوان و جنۆکەکان!. ئەم کتێبە تەنیا کۆمەڵە چیرۆکێک نین، بەڵکو هەزاران شتی عاجبایەتی لەخۆدەگرێت..! ڕەگەزەکان لە دونیایەکی سەرسوڕهێنەردا تێکەڵ بە یەک دەبن. مرۆڤ دەبێتە ئاژەڵ و جارێکی تر دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی... مرۆڤ زمانی ئاژەڵان دەزانێت و ئاژەڵانیش بە زمانی مرۆڤ قسە دەکەن))(داراغا: 2007، 14).

لەلایەکی دیکەوە، ئەم بابەتە لە سەردەمانی کۆندا پەیوەندی بە مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و ڕەگەزەکانیدا هەبووە، کە زۆرتر لە سروشتەوە نزیکبووە، هاوکات دەشکرێت لایەنی ئاسانی ئەو چیرۆکانە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بەکارهێنانیان بۆ منداڵان لەبەرچاو بگیرێت..

بەڵام لە سەردەمی نوێدا نووسەران بە دیدێکی فەلسەفی و قووڵتر بۆ ئەم بابەتە دەچن، دەیکەنە ڕەنگدانەوەی ژیان و بەشێک لە گەیاندنی خەم و مەراقە بێکۆتاییەکانی مرۆڤی مۆدێرن، دەیکەنە گەیەنەری ئەو ژیانە بێهودەییەی، کە مرۆڤی تێدا دەژی، ژیانێک کە مرۆڤ لە بەها و نرخی مرۆڤبوونی خۆی داماڵیوە و سنووری نێوانیانی تێکشاکاندووە، چونکە خۆزگەی ((بەئاژەڵکردنی مرۆڤ بەواتای تێکشکاندنی ئەو نێوەندەیە، کە لەنێوان جیهانی ئاژەڵ و جیهانی مرۆڤدا بوونی هەیە))(محمد: 2003، 139) و نیشانەی بێمانابوونی ژیانە، ڕووتبوونەوەی مرۆڤە لە هەموو بەهایەکی مرۆڤی، گەڕانەوەی ڕەوڕەوەی گەشەسەندنی شارستانی مرۆڤە بۆ دواوە.

لە سەدەی بیستەم ئەم بابەتە بەرئەنجامی خاڵیبوونەوەی هەموو سیما مرۆڤایەتییەکانە و ئەو نەهامەتی و کەشە ڕەشبین و نائومێدییەوە بوو، کە لەسەر خودی مرۆڤ هاتەگۆڕێ، بەرئەنجامی هەموو فکری نیهلیستی و ئەو توندوتیژی و شەڕ و کوشتار و هیلاکەتە بوو، کە بەسەر مرۆڤدا هات، تا هاوسەنگکردنی نرخی مرۆڤ بە ئاژەڵ، نەڕوانینی مرۆڤ وەک سەرداری بوونەوەران و هێنانە خوارەوەی شکۆ و هەیمەنەی مرۆڤبوونی.

بیر و خۆزگەی بەئاژەڵبوون بیری بە جیاوازی نەکردنی مرۆڤ و گیاندارانی ترە، ڕوانینێکی ڕەشبینانەیە بۆ پیرۆزی مرۆڤ، کە تێیدا دەکرێتە بوونەوەرێکی پووچی بێ مانا، کاتێکیش مرۆڤ پیرۆزبوونی خۆی لەدەستدا و بەهایەکی بۆ برا مرۆڤەکەی نەهێشتەوە، خۆی لە هەموو نرخ و ئاکارێکی مرۆڤانە خاڵیکردەوە، ئەوکات لە پۆلێنکردنی زیندەوەراندا، جگە لە چوونی بۆ ڕیزی ئاژەڵ و بەئاژەڵبوونی لە پۆلێنکردنێک و ڕیزبەندییەکی تردا جێگەی نابێتەوە.

بابەتی بەئاژەڵبوون لە ژانری ڕۆمانیشدا بابەتێکە بە سەرەتاکانی ڕۆمان نامۆیە و زیاتر بۆ ڕۆمانی نوێ دەگەڕێتەوە، دەتوانین بڵێین یەکێکە لە کاریگەرییە دیارەکانی ئەفسانە و داستانە کۆنەکان لەسەر ڕۆمان، چونکە وەک دەزانرێت پاڵەوانی نێو داستان و ئەفسانەکان مەرج نییە هەر بەتەنیا مرۆڤ بن، بەڵکو دەشێت ئاژەڵێک، یان هەر بوونەوەرێکی تر ئەو ئەرکەیان پێ بدرێت. ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ هەماهەنگی لەگەڵ ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆماندا دەکات، ئەویش کارەکتەرە، کە لقە بابەتییەکانی تر لە خزمەت ئەمدا دەبن و تێکەڵ بەم دەبنەوە، هەروەک (عەبدولرەحمان مونیف) دەڵێت: ((ئاژەڵیش دەتوانێت پاڵەوانێکی ڕاستەقینە بێت، گەر ڕۆماننووس بزانێ چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، چۆن چرکەکانی بەهێزی دەربخات و هەندێکجار باڵادەستی بەسەر مرۆڤدا نیشانبدا))(مونیف: 2006، 25). بەدیوێکی تردا، دەتوانین بڵێین بەئاژەڵبوون چ لە دونیای شیعردا بێت، یان لە دونیای ڕۆماندا کاڵبوونەوەی کارەکتەری مرۆڤییە، یان لێدانە لە سەنگی مرۆڤی و بەخشینی بە هەندێک شت و ڕەگەزی دیکە، هەروەک (ئالان

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ڕۆب گرێ("*1922-2008 Alain Robbe-Grille*" لە کتێبە تیۆرییەکەی خۆیدا بەناوی "بەرەو ڕۆمانی نوێ": ((بەتەواوی ڕۆڵی کەسایەتی- پاڵەوان دەسڕێتەوە و دەیدات بە زەمەن و شتومەک "الشيئيه"))(سەراج: 2007، 31). کەواتە، مەرج نییە لە ژانرە ئەدەبییەکاندا "شیعر- چیرۆک- ڕۆمان" تەنیا مرۆڤ کارەکتەری سەرەکی بێت و سەنتەری پرۆسەی گێڕانەوەگەریی موعانات و باس و فەزای بەرهەمەکە بێت، بەڵکو دەشێت ئاژەڵێک، یان هەر زیندەوەرێکی تری نێو گەردوون بێت.

خۆزگە و بابەتی بەئاژەڵبوون، یان خواستنی سیفەت و دونیای ئاژەڵی و کردنی بەکارەکتەری سەرەکی نێو بەرهەمی ئەدەبی لە زۆرێک لە بەرهەمە ئەدەبییە جیهانییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. بۆ نموونە ڕۆماننووسی ئەمریکی (جاک لەندەن("*Jack London 1876-1916*" لە هەندێک لە ڕۆمانەکانیدا ئاژەڵ دەکاتە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەی، وەک ڕۆمانی هاواری هۆڤی "وحشی 1903"دا سەرگوزشتەی سەگێک نیشاندەدات، کە بۆ ڕاکێشانی عەرەبانە دەیبەن بۆ ئالاسکا، ئەم سەگە ئاخری لەدەست بێبەزەیی مرۆڤ هەڵدێت و دەچێتە ڕیزی گورگانەوە و دەبێت بە سەرکردەی ئەوان. یان لە ڕۆمانی "کەڵبەچەرموو 1906"دا باس لە بەسەرهاتی گورگێک دەکات، کە وردە وردە ماڵی دەبێت. یان (سادقی هیدایەت) کە لە ژیانی خۆیدا خۆشەویستی زۆری بۆ ئاژەڵان هەبووە، تا ئەوەی دەستپێکی کاری نووسینی خۆی بەناوی "مرۆڤ و ئاژەڵ" ناودەنێت، کە کتێبێکە لە هەوڵی خستنەڕووی دیدی بیرمەندانی خۆرهەڵات و خۆرئاوایە لەسەر ئاژەڵان، هەر ئەم خۆشەویستییە زۆرەشی بوو لەناو دونیای ئەدەب و نووسینی سادقدا ڕەنگیدەدایەوە، بەجۆرێک ئاژەڵ لە زۆرێک لە چیرۆکەکانیدا ئامادەییەکی تۆخی هەیە وەک لە چیرۆکەکانی: (سێ دڵۆپە خوێن- سەگی بەرەڵڵا- بوومی کوێر...هتد)دا دەردەکەوێت(عارف: 2009، 193).

(فرانز کافکا "*Franz Kafka 1883-1924*" یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی لە بەرهەمەکانیدا پەنا دەباتە بەر ئاژەڵ، بوونی ئاژەڵ و بەکارەکتەرکردنی ئاژەڵ سیمایەکی جیاکەرەوەیی ئەدەبیاتی کافکایە، کە لەپاڵ بەخشینی ئەرکی گێڕانەوە پێیان، دەیانکاتە نوێنەری باسکردن لە ئێش و ئازار و نەهامەتییەکان و وێنەماو جیانەکردن لەنێوان ئاژەڵ و مرۆڤی تێکەڵبوو بە سەردەمی نوێ و مۆدێرنەتە.

وەک دەبینین، بە مرۆڤبوونی ئاژەڵ و بە ئاژەڵبوونی مرۆڤ یەکێکە لە خاسییەتە دیارەکانی جیهانی ئەدەبی کافکا، هەر بۆ نموونە لە یەکەمیاندا لە چیرۆکی "ڕاپۆرت بۆ ئەکادیمیا"دا "پیتەر" سەربووردەی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، کە چۆن لە مەیموونەوە بووە بە مرۆڤ. لە دووەمیشیاندا لە ڕۆمانی "مەسخ- بەدگۆران 1912" دەگاتە لووتکە، کاتێک "گرێگۆر سامسا" کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لە بەیانییەکدا، کە لە خەو هەڵدەستێت دەبینێت بووەتە قالۆنچەیەکی گەورە، سامسا هەر چەند دەکات و دەیەوێت جەستەی وەک ڕۆژانی ئاسایی و پێشووتری بجووڵێنێت ناتوانێت، بۆیە هەست بە گێژی و وڕبوونێکی زۆر دەکات. بەئاژەڵبوونی سامسا لەڕووی جەستەییەوە هەڵگری ڕۆحییەتێکی مرۆڤانەیە، هەر بۆیە کافکا لەڕێی هەڵگری ڕۆحێکی مرۆڤانەوە گوزارشت لە دۆخی بەئاژەڵبوون دەکات.

بەکورتی کافکا لەنێو دونیای ئەدەبی خۆیدا مانایەکی تری بە مرۆڤ بەخشی، ڕاستگۆیانە گوزارشتی لە دۆخی تایبەتی کارەکتەرەکانی وەک نوێنەری مرۆڤ دەکرد، هەر ئەمەش بووە هۆی جیاکاری خۆی لە ئەدیبانی تر و سەرهەڵدانی چەمکی "جیهانی کافکایی".

هەر بۆیە یەکێک لە لایەنەکانی ئەدەبیاتی کافکایی ((ئەدەبیاتی نەمانی جیاوازی و تێکەڵکردنی مرۆڤ و ئاژەڵە، بە لەبەرچاوگرتنی سیما و خاسییەتی هەر یەکێکیان. دیارە، ئەوەش پەیوەستە بە دنیای تازەو مۆدێرنەوە، کە ئەدەبیاتی کافکا دژی مۆدێرنیزم و دنیای تازەیە، چونکە لای وایە ژیانی مرۆڤ ڕووی لە بێ مانابیە"*Absourdite*"و بەرەو کەش و هەوای بەهەڵمبوونی سیما مرۆییەکان دەڕوات، بۆیە لەم ڕوانگەوە پێیوانیە مرۆڤ گەشەی کردبێت...بەڵکو ڕوانگەی مرۆڤسەنتەریش شکستی خواردوە))(فەرهادپوور: 2006، 171).

**3-خۆزگەی بەئـــاژەڵبوون لـە شـــیعری کـوردیدا:**

ئەم بابەتە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا کەم تا زۆر بوونی هەیە، لەگەڵ بابەتە شیعرییە جیاوازەکان و قۆناغ و مێژووی یەک لەدوای یەک و هاتنی سەردەمی جیاجیای تیاژیانی نەتەوەکەمان فۆرمی جیاجیای بەخۆی وەرگرتووە، هەر جارەش بە مەبەست و ئاماژەی جیاواز بەکاربراوە. بۆ نموونە لە ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆریدا، کە بە دایکی ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی و ئەدەبیاتی نووسراوی سەرجەم نەتەوەکانی تریش دادەنرێت، زۆر و کەم لەناو چوارچێوەی شیعر و ژانری داستانئامێزی و گێڕانەوەی حیکایەت و بەسەرهات و سەرگوزشتەی حیکمەتبەخش و پەند و قسەی نەستەق و چیرۆکی فۆلکلۆری و ئەفسانەی بەرایی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

نەتەوەییماندا بەدی دەکرێت، کە هەرجارەو مانایەکی لێ بارکراوە و وابەستەیە بە سەردەم و کاتی گێرانەوە و لەدایکبووی دەقە ئەدەبییەکە.

هەرچی ئەدەبیاتی نووسراویشمانە خۆی لە ئەدەبیاتی کلاسیک و ئەدەبی نوێ و هاوچەرخدا دەبینێتەوە، بە هۆکاری جیاواز خۆزگەی بەئاژەڵبوونی شاعیران و بەئاژەڵکردنی بەرامبەر دەبینرێت، کە تیایدا شاعیران خۆیان دەچوێنن بە ئاژەڵ، یان خۆیان دەکەن بە یەکێک لە ئاژەڵەکان بەتایبەت "سەگ". دیارە، ئەمەش لەبەر ئەو سیفەت و دەلالەتە ئایینی و کۆمەڵایەتییە جیاوازەی، کە سەگ لە خۆیدا کۆکردووەتەوە، ئەمەش لەرێگەی باس و خواسی سیفەتێک لە سیفەتەکانییەوە خۆیان دەبەنەوە ڕیزی ئەو ئاژەڵە، یان هەر جۆرە ئاژەڵێکی تر و زۆرجار کەمتریش، بەجۆرێک، کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ژیانی مرۆڤی و ئاژەڵی ناهێڵنەوە و ئەرستۆ واتەنی تەنیا ئەوە نەبێت، کە مرۆڤ ئاژەڵێکی عاقڵە...، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ((یەکەمین خاڵێک، کە ئەرستۆ لە پێداچوونەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا جەختی لەسەر دەکات و پشتی پێدەبەستێت، ئەوەیە کە مرۆڤ بە سروشت گیانەوەرێکی شارنشینە، یان کۆمەڵایەتی و سیاسییە))(تالیس: 2009، 81). واتە جیاکردنەوەی مرۆڤ لەگەڵ باقی گیانەوەرەکانی تردا، ئەوەیە کە تەنیا ئەو پەی بە چاکە و خراپە و دادپەروەری و نادادپەروەری و دەوڵەت و شار پێکدەهێنێت. ئەگەر نا لە سەرجەم پێویستییە ماددی و مەعنەوی و دەروونی و جەستەیی ...هتددا هاوبەشن، لەم گۆشەیشەوە شاعیرانمان دەرکیان بەو ڕاستییە کردووە و بابەتی بە ئاژەڵبوونیان لە شیعرەکانیاندا بەرجەستە کردووە، هەر وەک (نالی) دوای پەسنێکی زۆری گوێدرێژەکەی لە زمانییەوە دەڵێت:

**چەند پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیوت "نالیا"**
**هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ** (نالی: 1384، 228)

سەبارەت بەو دێرە شیعرە، مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی موددەریس) پێی وایە، ئەم شیعرەی نالی ((هەستێکی دڵ بە گیانەوەرا سووتانی تیایە و نالی بەرامبەر بەم شیعرەی شایەنی ئەوەیە بە یەکەم هونەرمەندی کوردی گیانەوەردۆست دابنرێت))(نالی: 1384، 228-229)

هەروەها (نالی) لە شیعرێکی تریدا دەڵێت:

**دوور لە تۆ "نالی" سەگێکە، بێ وەفایە، هەرزەگۆ**
**بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەڵبە کە نانی نانییە** (نالی: 1384، 591)

یان سالم دەڵێت:

**ئەمن و ئەسپ ئوستاد و شاگردین لە تەصویری خەیاڵ**
**ئەو لە نەقشی توورەکە، ئەمنیش لە صونعی بۆرییا** (سالم: 2015، 48)

شایەنی باسە، هەندێک شاعیرانی کلاسیک لەرێگەی پرۆسەیەکی بەراوردکارییەوە وەک بەرجەستەکەری عیشق و دونیای عاشقی خۆیان، خۆیان دەکەنە ئاژەڵ "بەتایبەت سەگ"ی بەرقاپی مەعشوق، جا ئەو مەعشوقە پەیامبەر یان شێخی تەریقەت یان یاری مەجازی...هتد بێت. بەجۆرێک هێندە خۆیان کەمدەکەنەوە و بە نزمی لە ئاستی مرۆڤی خۆیان دەڕوانن، تا ئەوەی وەک سەگی بەردەرگایان خۆیان دەبینن، جا ئەمە لە خۆشەویستی ڕەهایان بێت بۆ مەعشوق، یان ئیلتیزامێکی ئایینی و دیدێکی چاکەخوازی عاشقانەی خۆیان بێت، پێگەی خۆیان بەوشێوەیە وێنادەکەن، هەروەک (مەحوی) لە قەسیدەی "بەحری نوور"دا خۆی بە سەرفراز و سەربەرز دەزانێت ئەگەر پەیامبەر(د.خ) پێی بڵێت سەگی بەردەرگای خۆمانی:

**دەخیلی ئەو سەگی بەرقاپیەم جارێ بەیەکجاری**
**سەرئەفرازم بکە، فەرموو: سەگی بەردەرکی خۆمانە** (مەحوی: 1387، 500)

یان (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لە ئەنجامی توانەوە لە خۆشەویستی کاک ئەحمەدی شێخدا، لە شیعرێکی ستایشئامێزدا دەڵێت:

**مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی**
**خۆزگەم بە سەگی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی** (تاڵەبانی: 2003، 105)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

یان (وەفایی) لە باسی جۆرایەتی پەیوەندی خۆی و خۆشەویستەکەیدا دەڵێت:

**ئـــاخر ســـەگی دەری تـــۆ بـــووم بـەجـودایی**
**مرووەت نەبوو تیغت لە سەری سەیدی حەرەمدا** (وەفایی: 1390، 28)

هەندێک جاری تر شاعیران کەسانی نامۆ و ناحەز بە عەشق و ڕێگر لە گەیشتنیان بە یار بە ئاژەڵ دەکەن. واتە لێرەدا پرۆسەی بەئاژەڵبوونەکە بۆ خۆیان نییە، بەڵکو بۆ بەرامبەرە وەک ڕەقیب، کە بەهۆی سیفەتە ناپەسەندەکانییەوە بە ئاژەڵی دەکەن و هەرچی پەسنی نەرێنی ئاژەڵییە لێی باردەکەن، تا لە ئاستی مرۆڤبوون دەری دەکەن و وەک ئاژەڵێکی ناپەسەندی قێزەون بە ئایین و کولتوور و چەشەی نەتەوەیی باسی دەکەن، وەک (مستەفا بەگی کوردی) لە وەسفی ڕەقیبدا دەڵێت:

**کە ڕەقیب دی من و یار پێکەوە نیشتوین، لە ڕقان**
**وەک سەگێ پەت بکرۆژێ، دەم و لێوی دەکرۆت** (کوردی: 1387، 18)

یان (مەحوی) دەڵێت:

**لە حینی بـوونی ڕەقیبـا وتم: کە حـەیفە جنێو**
**وتی: چ حەیفە، دڵی ئەو سەگەش بێ با خۆش** (مەحوی: 1387، 198)

هەروەها (مەحوی) لە شیعرێکی تریدا دەڵێت:

**غورووری حوسنە فیرعـەونی بە تۆ دا**
**ڕەقیبی سەگ بەچی بوو، بوو بە هامان** (مەحوی: 1387، 285)

یان (ئەحمەد موختار جاف) دەڵێت:

**ڕەقیب وەختێ کە دی یار میهرەبانە دەرهەقی عاشق**
**تەقی کرد وەک سەگ و تۆپی، لەداخا ئینتیحاری کرد** (جاف: 1986،72)

هەندێک جاری تر شاعیران لەناو هیلاکی سەردەمی خۆیان و بێهودەیی بەرامبەر زۆرێک لە ڕەفتار و گوفتار و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی هاوسەردەمیان، بەئاژەڵیان دەکەن. لێرەشەوە لەڕێگەی خواستنی هەر جار سیفەتێکی ناپەسەند و نەرێنی ئاژەڵەکان، کە هەماهەنگە لەگەڵ بۆچوونە کولتووری و ئایینیەکان چواندنیان بە مرۆڤی سەردەمی خۆیان و هەموو ئەو سیما نەرێنییە ئاژەڵیانەیان لە مرۆڤەکاندا بەدی کردووە، تا ئەوەی لە مرۆڤبوون دەریاندەکەن و بەپێی کۆنتێکستی بەرهەمهێنانی دەق و پەسنی مەبەستدار و ویستراوی خۆیان بەئاژەڵیان دەکەن وەک:

سەگ ـــــ گڵاو (لەڕێگەی سیفەتی گڵاوییەوە کەسێک بەسەگ دەکەن).
بەراز ـــــ بێبەزەیی (لەڕێگەی سیفەتی بێبەزەییەوە کەسێک بە بەراز دەکەن).
کەر ـــــ بێ عەقڵی (لەڕێگەی سیفەتی بێ عەقڵییەوە کەسێک بە کەر دەکەن).
پشیلە ـــــ سپڵە (لەڕێگەی سیفەتی سپڵەییەوە کەسێک بە پشیلە دەکەن)...هتد

دیارە، هەموو ئەمانەش دەکرێ وەک جنێو و لێدان و هێزێکی ڕووبەڕووبوونەوەیی کۆمەڵایەتییانە تەماشابکرێن، یان وەک ئامۆژگارییەک بۆ کەسی سیفەتهەڵگر کە بەخۆیدا بچێتەوە و لەو سنوورەی تێیکەوتووە دەربازی ببێت، ئەمە جگە لەوەی کەسی بەئاژەڵکراو تووشی نەفرینێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی و کولتووری دەکەنەوە و پێگەیەکی بێزراوی لەناو کۆمەڵگادا بۆ دروست دەکەن و وەک جۆرە بەرپەرچدانەوەیەکی بەهێزیش بەکاریدەهێنن بۆ هەموو ئەو خراپی و بەدکارییانەی، کە لە خۆیدا هەڵیگرتوون، وەک (بەختیار زێوەر) لە شیعری "شێرە"کەیدا لە پاش باسکردنی شێرەسەگێکی دۆستی و پەسنکردنی سیما باشەکانی دێتە سەر بەراوردکردنی بە مرۆڤی خراپ و مرۆڤە بەدکارەکان لە خوار بەئاژەڵبوونی سەگەکە دەبینێت، هەروەک دەڵێت:


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**زۆری وا هەیە بەناو ئینسانە**
**لێی وردبیتەوە جان کوڕی جانە**
**ئەگەر ناودەمیان پرکەی لە هەنگوین**
**لە تۆ بترازێن ئەکەونە نەفرین**
**بێ وەفا و سپڵە، خائین نالەبار**
**کەموکوڕی پیاو ئەبەن شار بە شار**
**ماڵی خزم و دۆست وەک گەزۆ و مازوو**
**ئەفڕێنن ئەیخۆن بەزۆری بازوو**
**دیاربێ دیارنەبێ ئەیەوێ کە پیاو**
**لە هیچە کەوشی بخاتە سەرچاو**
**لای تێگەیشتوو سەگێکی هەژار**
**بە شەرەفترە لە سەد بەدکردار**
**هەرچەند ئەوانە وەک پیاو خولقاون**
**بەڵام تا وا بن لای من گلاون**
**شێرە تاوتوو ناکەم بەوانە**
**هەرچەند حەیوانە کردەوەی جوانە**
**ئەشێ هەر کەسێ کەوا بێ خێرە**
**پێی بڵێی دریغ نابێ بە شێرە** (زێوەر: 2008، 140)

لەو چوارچێوەیەدا (قانع)ی شاعیر بە مەبەستی زیاتر خستنەڕووی بابەتەکە لەڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیەوە بەم شێوەیە دیدوبۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو هەروەک دەڵێت:

**هەر کەس کرداری ئێش و ئازارە**
**ئەوە لە نەوەی سەگ و سەگسارە** (قانع:2014، 554)

وەک دەبینین، شاعیر وشەکانی (سەگ و سەگسار)ی زیاتر بە مەبەستی جنێودان و بەسووک تەماشاکردنی بەرامبەر بەکارهێناوە.
یان لە شیعری "کەر و زەماوەند"دا لە زمانی گوێدرێژەکەوە دەڵێت:

**مەنوارە بەوا کز و کەساسم**
**من وەک خەڵکی نیم خۆم چاک ئەناسم**
**ئەزانم بۆچی من بانگ کراوم**
**حەماڵی دار و بەرمیلە ئاوم**
**چەن خۆشە گشت کەس جێی خۆی بزانێ**
**بەقەد جەوهەرێ شەئنی خۆی دانێ**
**نەک چۆلەکە بێ و وەک باز بێتە ڕاو**
**بە سەرەخەری خۆی خاتە ناو داو** (قانع: 2014، 513)

یان (مەحوی)ی شاعیر لە ڕوانگەی تێگەیشتنی بۆ بابەتی بەئاژەڵبوون هەندێک جار لەدووتوێی دیوانە شیعرییەکەیدا وشەی ئاژەڵی بەتایبەتی (سەگ) بۆ دیاردەی دزێوی و ناشرینکردن بەکارهێناوە هەروەک دەڵێت:

**بەبێ جێ کەسێ بێ بکا غەیبەتم**
**سەگی هارە، دێ دەمگەزێ پڕ بە دەم** (مەحوی: 1387، 278)

یان (نالی) دەڵێت:

**مەعشووشی زەڕە، عاجزی زیو، دەرهەمی دیرهەم**
**بۆچ تێکچووە صۆفی کەرەبۆز بۆ غەمی باری؟!** (نالی: 1384، 649)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بەڵام (شێخ ڕەزا) لە گۆشەنیگای هەجووی خۆیەوە ئەم بابەتەی بە مەبەستی کەم تەماشاکردن و جۆرێک لە بێ بەهاکردنی بەرامبەرەکەی بەکارهێناوە هەروەک دەڵێت:

**وەسمان حەبەش و حەمەشین و ئەحمەدی حاجی**
**دەم دەم دەوەڕن وەک سـەگ و توولـە و تـانجی** (تاڵەبانی: 2003، 217)

هەندێکجاری تر، شاعیران بە پێوەری ئایینی و لەسەر بنەمای کفر و ئیمان و سیما ناپەسەندەکانی بێ باوەڕی، ئەمەو هەڵقوولاو لە پاشخانێکی مەعریفی ئایینی و پاڵپشت بە دەقی قورئان و حەدیث، مرۆڤی بێ باوەڕ بەئاژەڵ دەکەن[*1] و هەرچی سیمای بەدکاری و دڵرەقی و درندەیی ئاژەڵی هەیە دەخەنە پاڵی. دیارە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئاستی ڕۆشنبیریی و مەعریفی شاعیرانی کلاسیکمان ئایینی ئیسلام بووە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە و وەک درێژەدان بە پەیامە ئایینییەکەیان مرۆڤ لەسەر بنەمای بێ دینی بەئاژەڵ دەکەن، لەم جۆرە بەئاژەڵبوونەش لە هەموو شاعیرانی تر زیاتر لای (مەحوی) شاعیر دەبینرێت، هەروەک لە قەسیدەی "بەحری نوور"دا دەڵێت:

**لەناو ئەو گورگ و ورچ و سەگ گەلە دەرچوو "بإذن الله"**
**بـەیاری غـارەوە، یـاری لەبـاری، ڕێ لـەبەریـانە** (مەحوی: 1387، 486)

..........

**کەسێ بێنێتە نوتق ئاسک، بەعیر و سووسەمار و گورگ**
**بەتەسدیقی موقیرِڕ بن یەک بەیەک ئەم بێ زوبانانە**
**بە ئەمری یا ئیشارەی بەس درەختی ڕیشە دابەستوو**
**لەڕەگا دەربێت و بێتە خدمەتی ڕەقسانە ڕەقسانە**
**بە تەکزیبی کەسی وا، ناکەسێ جورئەت بکا "لاشک"**
**سەگی هارە، بەرازە، مولحیدە، بووجەهلە، شەیتانە** (مەحوی: 1387، 490)

یان لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**خودا تۆ لاگری لەو لاکە "مەحوی"**
**بە جاهی پادشاهی تەختی "لولاک"** (مەحوی: 1387، 230)

هەر لەو چوارچێوەیەدا، دەبینین زۆرجار بابەتی بەئاژەڵکردن لەلایەن دوژمنانی کوردەوە بۆ جنێو و سووکایەتی پێکردن بەرانبەر بە زیندانیانی کورد و خەڵکی کورد بەکارهێنراوە، نموونەی ئەمەش هەروەکو (پەشێو) لە دەقی (پیلێنان)مکەیدا دەڵێت:

**کێت لەگەڵدایە، تەرەس؟**
**کێت لەگەڵدایە، سەگباب؟**
**ئێستا دانی پێدا دەنێم**
**بەسە لێم مەدە جەناب** (پەشێو: 2002، 360)

وەک دەردەکەوێت شاعیر لەڕوانگەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکەوە توانیوێتی هەندێک وشە و زاراوەی جنێودان کە لەنێو خەڵکیدا باوە بەکاربهێنێت، تا بەهۆیەوە پەیامە شیعرییەکەی خۆی ئاسانتر و ڕوونتر بدات بەگوێی خوێنەردا.

بەڵام شاعیر لە دەقی (ماچ)مکەیدا، ئەو سیفەتی بەئاژەڵکردنە بۆ دوژمنانی کورد بەکاردەهێنێ و تا ڕادەیەکی زۆر سووکایەتییان پێ دەکات و قێزەون و ناشرینیان دەکات، هەروەکو دەڵێت:
ئەوەی تۆ گۆشیت دەست نەبوو

(*)- وەک لە سورەتی: الاعراف ئایەتی 179 دا: (ولقد ذرأنا لجهنم كثيرا من الجن والإنس لهم قلوب لايفقهون بها ولهم أعين لايبصرون بها ولهم آذان لايسمعون بها أولئک كالأنعام بل هم أضل أولئک هم الغافلون).

- یان لە فەرموودەی: "الدنيا جيفة و طالبها كلاب"...هتد.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
ص: 1-23
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**ئەژدەهایەکی پێنج سەر بوو**
**ئەوەی ماچت کرد ڕوو نەبوو**
**تۆماری قانوونی جەنگەڵ**
**شورەی بەرلین**
**سمی کەر بوو**
**ئەوەی پێکەنی دەم نەبوو**
**گەڵی قەحبە**
**بنکلکی سەگ**
**کورزە گازێکی هیتلەر بوو** (پەشێو: 2002، 392)

**بەشی دووەم/ خۆزگەی بەئـــاژەڵبوون لـە دەقی شـــیعریی "ئەگەر من و تۆ سەگ بووینایە"ی قوبادی جەلیل زادە:**

خۆزگە و بەئاوات گەیشتن لە ژیاندا، یەکێکن لەو غەریزانەی، کە مرۆڤ بەدرێژایی ژیان هەوڵی بۆ دەدا و مەبەستێتی بەهەر شێوەیەک بێت پێیان بگات. جا ئیدی ئەو حەز و خۆزگە و ئارەزووانە لەنێو کۆمەڵگادا گونجاوبن، یان نەگونجاوبن. واتە ((غەریزە لە سەرجەم بوونەوەراندا هەیە، بەڵام لەنێوان مرۆڤ و تەواوی بوونەوەرانی دیکەدا جیاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا لێکچوونی زۆر لەنێوانیاندا هەیە. هەندێک غەریزە دەکرێت بە غەریزەی ناچاری ناوبهێنرێن، چونکە بوونەوەر شکستە لە هەڵبژاردنی ئەو ڕەفتارانەی، کە بە ڕەفتارە غەریزییەکان دادەنرێت و مەحاڵە بتوانێت ڕەفتارێکی جیاواز لەو ڕەفتارە غەریزەییە بنوێنێت، کە لەو سات و بارودۆخەدا پێویستە))(جەمال: 2012، 13). یەکێکیش لەو خۆزگە و غەریزانە، کە هەندێکجار مرۆڤەکان پەنای بۆ دەبەن، بوون بەئاژەڵە بەتایبەتیش (سەگ)، هەرچەندە ((بوونەوەرێکی ژیر نییە، بەڵام بوونەوەرێکی هەستیارە. واتە دەتوانێ هەست بە چێژ و ئازار بکات. بگرە نیگایەکی هەیە شێوەی دەموچاو وێنە دەکێشێت. بە بینینی ئەو نیگایەش دەکرێ مرۆڤ تێبگات، کە سەگ تەنیا ئامێرێک یاخود دەزگایەکی میکانیکی نییە، بگرە بوونەوەرێکی زیندووە و نهێنییەکی تێدایە))(مۆلێر: 2013، 167). لەو چوارچێوەیەشدا، جەخت لەو ڕاستییە دەکەینەوە، کە نابێ هزری فەلسەفی شەرم بکات لە جەختکردنەوە لەوەی ڕێزگرتنی ئاژەڵایەتی یەکێکە لە ئەرکە ئەخلاقییەکانی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نا، کە ئاژەڵ (سەگ) بە مرۆڤ بکرێت، بەڵکو پێویستە ڕێزی لێ بگرێت بەو ناسنامەیەی کە تایبەتی خۆیەتی.

سەرەتا بۆ چوونە ناو باس و لایەنەکانی ئەم دەقە شیعرییە، پێمانخۆشە تەواوی دەقە شیعرییەکە بخەینە بەر دەست، کە شاعیر لە یەکەم ڕۆژی بیستودوو هەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا، کە دەکاتە 18/ 4/ 2019 لە هۆڵی (تەوار) لە سلێمانی خوێندییەوە، بۆیە سەرچاوەی بەکارهێنانی ئەم دەقە شیعرییە خودی شاعیر خۆیەتی و کات و شوێنی خوێندنەوەی دەبنە بەڵگەی زانستییمان. ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی سەرجەم جیاوازییە کرۆکییەکانی کات، بابەت، فۆرم، مۆتیف، زمانی شیعریی...هتد بە بەراورد لەگەڵ نموونە شیعرییەکانی پێشووترماندا.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

گەر من و تۆ سەگ بووینایە

لە گوندێکدا

لە باخچەیەکی ئاژەڵاندا

لەناو ڕانەمەڕێکدا

پێکەوە دەژیاین

بەر هەڵلاش بووینایە

ماڵمان دەبردە نزیک

قەسابخانەیەک

بە جووتە بە شوێن ئێسکەگۆشتا،

وێڵ.

بەدەم بەردی منداڵەوڕتکان

بەیەکەوە دەمانقروسکان

زستان بەیەکەوە تەڕی دەکردین

قەشمەریمان بە هاوین دەکرد

زمانمان لێ دەردەهێنا

گەر حەزمان بکردایە دەوەڕین

من لاقێکم بەرز دەکەمەوە و

بە دارتێلێکدا

بە قەدی درەختێکدا

دەمیزیم

دەفتەر نفووس و ڕەگەزنامەمان،

لەگەڵ خۆمان هەڵنەدەگرت،

بەبێ پاسەپۆرت لە سنوورە

دەستکردەکان دەپەڕینەوە.

گەر من سەگێکی گۆڵ و

تۆ سەگێکی دێڵ بوویتایە،

بۆ مارەبڕین،

پێویستیمان بە کۆلکەمەلا نەدەبوو.

دەمێک بوو،

لە کەلاوەیەکدا جووت بووبووین

تۆ لە کۆلیتێکی تاریک و نووتەکدا

ترەکی بووی.

بووبووین بە دایە و بابەی،

تووڵەگەلێکی:

قاوەیی، بۆر، سپی، ڕەش

لەناو تەرسیلی وەفادا،

ڕاکەڕاکەمان دەکرد.

گەر سەگ بووینایە

نە قوماشفرۆشمان دەناسی

نە بەرگدروو

وەک ئاو تەنها، ڕووت ڕووت.

کەس پێی نەدەگوتی: تەنوورەکەت

بۆ ئەوەندە کورتە

کەس پێی نەدەگوتم:

دەک بە ژەهرت بێ ئەم قاپە عارەقە

کەس چاودێریی مۆبایلەکەی
نەدەکردین

سەد جاسووس بەدوامانەوە نەدەبوون

کەس هاکی نەدەکردین

سێ مانگ بەدیار مووچەی
خانەنشینییەوە، نەدەلەرزین

پارەی ئاو و کارەبا قەرزار نەدەبووین

نیوەی مووچەکەمان نەدەدا بە حەب و
دەرمان

لە کافێیەکدا، ترس گەمارۆی
نەدەداین.

گەر من و تۆ سەگ بووینایە

من سەردانی چاویلکەسازم نەدەکرد

تۆش بیرت لە جوانکاریی کەپووت
نەدەکردەوە.

کەس پێی نەدەگوتین بۆ وەسڵی
بەردەڕەش ماچ ناکەن

بۆ بەردێک ناگرنە شەیتان

گەر سەگ بووینایە

پارچە زەوییەکمان دانەدەبڕی بۆ گۆڕ

ناوی سیانیی خۆمان نەدەدا بە
کێلنووس

گەر سەگ بووینایە

نە تۆ لە ڕێکخراوێکی ژناندا ئێشکت
دەگرت و

نە من چەکم بۆ حزب هەڵدەگرت

نە ئەوەندە، سەنگەر و سفرەمان
دەگواستەوە

وەرە با ببین بە سەگ

بیا تا سەگ شەڤیم

تعالا لنتحمیل


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

سەرەتا، ئەگەر لە ناونیشانی شیعرەکەوە دەست پێ بکەین "ئەگەر من و تۆ سەگ بووینایە" بەکارهێنانی وشەی "ئەگەر" لە پێکهاتەی ناونیشانەکەدا ئاواتخواستنە بۆ پێش وشەکە و بەداخەوەبوونیشە بۆ دوای خۆی، بەم شێوەیە:

ئــەگـــەر

| ئاواتخواستنێکی نەوتراو و نادیار بوونی هەیە | → | بەداخەوەبوونێکی وتراو و دیار بوونی هەیە |
|---|---|---|

لە لایەکی تریشەوە جێی خۆیەتی بپرسین بۆچی لەناو هەموو ئاژەڵەکاندا شاعیر "سەگ"ی هەڵبژاردووە و کردوویەتییە مۆتیڤی سەرەکی و کۆدی ناونیشانەکەی لەسەر پێکهێناوە؟!

دیارە، سەگ لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا هێمای وەفاداری و دڵسۆزی و هاوڕێیەتییە، پەیوەندیی هاوڕێیەتیش یەکێکە لە جۆری ئەو پەیوەندییانەی دوای ئەزموونێکی زۆر لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا پەیدابووە. ((بەپێی ئەو زانیارییانەی، کە لەبەردەستان سەگ یەکەم ئاژەڵە، کە بووە بە هاوڕێی مرۆڤ، دواتر پشیلە و ئەسپ و هەندێ جۆری باڵندەی تر بوون بە هاوڕێی مرۆڤ))( سەعید "د": 2019، 8). لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و کوردەوارییشدا جگە لەو هێمایە مانای تری وەک پاسەوانی و بەئاگابوونیشی لێ باردەکرێت. بەکورتی شاعیر سیفەتی وەفاداری و دڵسۆزی و بەئاگابوونی سەگی لەپێناو باڵابوون و بەرکەماڵبوونی عەشق و پێکەوەبوونێکی ڕۆحی بێ بەرژەوەندی بۆ خۆی و یارەکەی خواستووە و شیعرییەتی مانایی ناونیشانی شیعرەکەی لێ پێکهێناوە.

شاعیر لەسەر چەند بنەما و ڕەهەندێک خواستی عەشقی ئاژەڵانەی هەڵبژاردووە، پێش هەموو شتێک مرۆڤ خۆیەتی. واتە لە ئەزموونی مرۆڤبوون و عەشقی مرۆڤانەوە بۆ عەشقی ئاژەڵانە[سەگ] دەڕوات، پاشان ئەزموونە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مۆدێرن و ئایینییەکەش ڕەتدەکاتەوە..

لەپاڵ ئەم مانایەدا هێمایەکی تری سەگ هەیە، کە ناکرێت لەبیری بکەین، کە هێمای گڵاوی و بەکەمزانینە.. بەڕوانینیشمان بۆ کرۆکی شیعرەکە و ئەو دونیابینینە جیاوازەی بۆمان دەردەکەوێت، کە (قوبادی جەلیزادە) لەپێناو یاخیبوون لە کولتوور و نۆرمە چەسپاو و دواکەوتووەکانی کۆمەڵگاکەی، لادان لە هەموو ئەو بەها بێ بەهایانەی کۆمەڵگا بەبێ بنەما لەسەری ڕێککەوتوون کاری لەسەر کردووە. واتە بە پاڵپشتی ئەو دونیا یاخییەی ئەم دەقە شیعرییە هەڵیگرتووە و ئەو کەشە پڕ لە لادان و جیاوازییەی، کە تیایدا بەدیدەکرێت، خاڵی نییە لەم مانایە و مەبەستدارانە پێمان دەڵێت: پیسی و گڵاوی ژیانی ئاژەڵی بەوەفا لە پاکی و بێتاوانی ژیانی مرۆڤی بێ وەفا پەسەندترە. لێرەشەوە خۆزگەی بەئاژەڵبوون لەلای دەبێتە شانازی و بەڕێکردنی ژیانی مرۆڤی بەوجۆرە دەبێتە شەرمەزاری.

ئەم شیعرە، کەم تا زۆر پەیوەندی بەتینی لەگەڵ چیرۆکی ئاژەڵان"*Fable*"دا هەیە، کە بە بڕوای (خالد سهر الساعدي) ((ژانرێکی ئەدەبی گێڕانەوەییە "پەخشان بێت یان شیعر"، کە تێیدا کارەکتەری سەرەکی لە چوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەیدا بەئاژەڵ بووە، یان بەئاژەڵ دەبێت، قسە و کردارەکانیشی لە قەوارە ئاژەڵییەکەیدا بۆی دەگەڕێتەوە و بونیادێکی رووکەشیشە، کە ئەرکێکی مانادار جێبەجێ دەکات))(سەعید"د": 2016، 132). لەڕاستیدا ئەم شیعرەی شاعیریش لە ئاستی نەوتراودا بە خۆزگەیەکی بەدی نەهاتووی مرۆڤی بۆ بەئاژەڵبوو دەدوێت. بێگومان، لە فەرهەنگ و تێگەیشتنی تاکی کورددا هەموو خۆزگە خواستنێک بە واتای ئاواتخواستنی شتێک و ئامانجێکە، کە لە ئێستادا بێ بەشی لێی، بەواتایەکی تر، خۆزگەو هیوا لای مرۆڤ خاوەن پێگە و پێکهاتەیەکی بەرزە و پێویستی ((بە ئامادەکردنی هەندێ بابەتی ژیانی ئاڵۆزی تێکئاڵاو هەیە و ئەو واتایانەی بخرێتە سەر، کە لە ئەزمون و خەیاڵدا بوومتە هاوشانی زیندوو))(صالح: 1987، 178)، بەڵام خۆزگەی شاعیر لەم شیعرەدا خۆزگەیە بۆ ڕابردوویەکی بەدی نەهاتووی لەتوانا بەدەر، نەک بۆ داهاتوویەکی چاوەڕوانکراو، خۆزگەیە بۆ ڕابردوویەک، کە تازە و بێ ویستی خۆی هاتووەتە دی و نەک مەحاڵ، بەڵکو لە دونیای واقیعدا ناشیەتەدی، بەڵام بە پاڵپشتی توانایەکی ئەدەبی شاعیر دەیەوێت یۆتۆپیایەک دروست بکات، کە لە واقیعدا بێتەدی، یان لەڕێگەی یۆتۆپیاوە واقیعی خواستراوی خۆی بەرجەستە بکات. هەربۆیە ((شاعیری بەتواناو ڕاستەقینەش، ئەو کەسەیە کە توانای ئەو ئاشکراکردنە لەلایدا بگاتە ئەوپەڕی))(ضیف"د": 1976، 171). بە دەربڕینێکی تر زۆربەی کات هەموو دوای خۆزگەخواستنێک یۆتۆپیایە، واتە شاعیر دونیایەکی یۆتۆپی ئاژەڵانەی بونیادناوە و هەمان دونیا لای مرۆڤ واقیعە، بۆیە ئەم شیعرە لەڕێی پرۆسەیەکی بەراوردکاری ژیانی مرۆڤی و ئاژەڵی نەوتراوەوە دەست پێ دەکات و هەر ئەم پرۆسەیەش دەبێتە هەوێن و دروستکردنی یۆتۆپیایەکی ویستراوی ناو خەیاڵی تاکە مرۆڤێک، کە گوزارشت لە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


گشت مرۆڤەکان دەکات. سەرەتای هەنگاونان بۆ چوونە ناو ئەم دونیا یۆتۆپییەش چەند بەهایەک لەخۆدەگرێت، کە هەریەکە لەم بەهایانە لە ژیانی واقیعی مرۆڤەکاندا بە چەند هۆکارێکی جیاواز، یان نەماون، یان ونمانکردوون، بۆیە حەزی گەڕانەوەی بەهاکانی واقیع لە دونیای خەیاڵی ئەم شیعرەدا حەزێکی کاربۆکراو و لەبەرچاوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لەنێوان واقیع و دەقە ئەدەبییەکانەوە، هەرچەندە واقیعییەکان بە خەیاڵ و سۆز هەڵدەشێلدرێن، بەڵام ئەدەب هەر لەو بازنەیەشدا دەمێنێتەوە، کە بڵێین ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگایە. کەواتە ((شیعر دەربڕی هۆکارەکانی دەروون و ناوەوەی مرۆڤە. ناوەوەی مرۆڤیش وەکو کلۆرۆفیلی ڕووەک وایە، کە تیشک و وزە لە واقیعی دەوروبەر وەردەگرێ و میوەی شیعریی لێ دروست دەکات))( *E. Bressler: 15 ,1975*). بۆ ئەو مەبەستەش لێرەدا هەوڵدەدەین هەنگاو بە هەنگاو کار لەسەر فیگۆرە سەرەکییەکانی ڕۆنانی ئەو دونیا یۆتۆپییە بکەین، کە دەبنە هۆی گەڕانەوەی بەهای ژیانی مرۆڤی و هاوکات هۆکاری نەمانی ئەو بەهایانە لە دۆخی ئێستای ژیانی مرۆڤبووندا ڕوونبکەینەوە، کە بۆچی و لەبەر چ هۆکارێک لەدەستمانداون و مرۆڤ بەئاگایانە، یان بێ ئاگایانە ونی کردوون، تا ئەوەی شاعیر دەگەیەننە ئەو بڕوایەی خۆزگە بە ژیانی ئاژەڵی بخوازێت و ژیانی سەگبوونی بەبەها بە بەراورد بە ژیانی مرۆڤی بێ بەها لەلا پەسەندتر بێت.

**1/ سروشت و سادەیی:** بە هەڵدانەوەی مێژووی شیعر، دەبینین ((سروست هەر لە سەرەتاوە شوێنی گەشتو گوزاری شاعیران بووە و ئەو گەنجینە مەزنە بووە، کە گوڵی جوانیان لێ هەڵبژاردووە و لە یەخەی شیعرەکانی خۆیان داوە))(گەردی: 2004، 333). هەر بۆیە بەکارهێنانی سروشت و سوودوەرگرتن لە سروشت و دیاردەکانی لە شیعردا شتێکی جوان و زیندووە و بەهێزتر خۆی نیشان دەدەات. تەنانەت هەموو خۆشی و ناخۆشی و هیوا و ئارەزووەکانی مرۆڤ هەر لە سروشتەوە دێتە دی. لەو چوارچێوەیەشدا دەبینین قوبادی جەلیزادە لەم شیعرەدا بۆ ژیانی ناو لادێ دەگەڕێتەوە، بە جۆرێکی تر گەڕانەوە بۆ ژیانی لادێی گەڕانەوەیە بۆ ناو سروشت و دوور لە شار و شارستانی و جەنجاڵییەکەی، چونکە دووربوون لە ژیانی شار نزیکبوونە لە سادەیی و گەڕانەوەی بەهای جوانییەکان، چونکە سروشت بۆخۆی، جگە لە دیدە ڕۆمانسییەکەی هاوکارێکی باشیشە بۆ سادەبوونەوەی مرۆڤ و گەڕانەوەی ئارامی ڕۆحی و دەروونی بۆی. ((نووسەرە ڕۆمانسییەکان باوەڕیان وابوو مرۆڤایەتی بە گشتی و دوای جەنجاڵی ژیان و کارکردن لە ناوەندە پیشەیی و دەوڵەتی و کارگەییەکاندا، کەوتووەتە خەرەندێکی قووڵەوە و مرۆڤ نرخی مرۆڤانە و بەهای ڕۆحی و ڕۆڵی سروشتیی خۆی لەدەست داوە))(پیربال"د": 2004،75).

سەرەکیترین بەهای ئەم شیعرە خەمی گەڕانەوەیە بۆ سادەیی ژیان، بۆ ژیانی لەخۆئاڵۆزنەکردن، شاعیر باش لەوە تێگەیشتووە، کە ئاژەڵان زۆر سادانە دەژین، بۆیە بەشێک لە ئاسوودەیی و جوانی ژیانی ئاژەڵانە لە بوونی ئەو پەیوەستەگییە ژیانە سادەییدا دەبینێتەوە. بەپێچەوانەشەوە بوونی ئەو ئاڵۆزی و نائاسوودەییەی ژیانی مرۆڤی پەیوەندیی بە هەبوونی هەموو ئەو شت و بابەت و کەرەستانەی دەوروبەرمانەوە هەیە، کە ئاڵۆزمان دەکەن و مرۆڤ دەخەنە سەر دەروونێکی نائارام و دۆخێکی پڕ لە ئیلزامی و ژیانمان چەند لێ ئاسان دەکەن دوو هێندەش گران دەکەن، هەروەکو دەڵێت:

**گەر من و تۆ سەگ بووینایە**

**لە گوندێکدا**

**لە باخچەیەکی ئاژەڵاندا**

**لەناو ڕانەمەڕێکدا**

**پێکەوە دەژیاین**

**بەرهەڵڵاش بووینایە**

**ماڵمان دەبردە نزیک**

**قەسابخانەیەک**

**بە جووتە بە شوێن ئێسکەگۆشتا،**

**وێڵ.**

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

وەک دەبینین، شاعیر بەهۆی خەیاڵ و زەینەوە وێنەیەکی جوانی خۆی و یارەکەی دەکێشێت، کە بە سەگی چواندووە و وەکو ئاژەڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و پێی خۆشە و خۆزگە بۆ ئەو ساتە وەختانە هەڵدەکێشێت، کە دوور بن لە ژیانی مرۆڤەکانەوە و لەنێو ئاژەڵاندا سەربەستانە مومارەسەی ژیانێکی ئاسایی بکەن.

لە سەردەمی نوێدا بەهای جوانی شتەکان لە سادەییاندایە، نەک لە ئاڵۆزییان و قەرەباڵغییەکی ناهارمۆنی، بەهای جوانی ژیان لە پێکەوەبوونێکی ڕۆحی قووڵدایە، نەک مەجبورییانە هەڵکردن لەپێناو گەیشتن بە مەرام، بۆیە شاعیر ئەوەی باش هەزمکردووە، کە پێکەوەبوونی ژیانی ئاژەڵی پێکەوەبوونێکی سادەیی بێ بەرژەوەندییە، کە لە ژیانی مرۆڤانەدا لەدەست دراوە، چونکە هەموو بەرژەوەندییەک کردنە قوربانی ئامراز بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئیتر با ئامرازەکان چەمکی بەرز و بەهای باڵاش بن. بەکورتی بە بڕوای شاعیر مرۆڤ لەبەر لەدەستدانی جوانی و سادەیی و پێکەوەبوونی ڕۆحی و بێ بەرژەوەندی بەرەو کەمتر لە ژیانی ئاژەڵی دەڕوات.

**2/ ئازادی:** ئاشکرایە، ((ئازادی بەهایەکی کۆمەڵایەتی پۆزەتیڤە، مافی هەڵسوکەوتکردنی بێ کۆت و بەند دەبەخشێت بە تاک و گروپەکان بە مەرجێک ئەم مافانە زیان بە مافەکانی ئەوانی دیکە نەگەیەنن و لەگەڵ دیسپلین و یاساکانی کۆمەڵگا و ڕێنمایی و نموونە و داب و نەریتەکاندا یەکتر نەبڕن))(ئەلحەسەن"د": 2012، 12). بەڵام شاعیر لێرەدا هاتووە، ئاماژە بە نەمانی ئازادی دەکات، کە بە نەمانی ئازادی چ فەوزا و گێژاوێک لە کۆمەڵگادا دروست دەبێت، بە واتایەکی تر بەهایەکی تر بریتییە لە لەدەستدانی ئازادی و ڕۆچوونە بەنێو ژیانێکی ئیلزامی. (سارتەر) سەبارەت بە ژیانی مرۆڤ و ئازادییەکەی، کە پێی وایە مادام مرۆڤ ئازادە، کەواتە بەرپرسیارە، یان بەرپرسیارە، بۆیە ئازادە. واتە هەموو بەرپرسیارێتییەک سنووردانانە بۆ ئازادییەکانی مرۆڤ، ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبێت ناتوانێت مرۆڤانە بژی، خۆ ئەگەر ئازادیش بوو هەستی بە بەرپرسیارێتی نەکرد، ناتوانێت لە سنووری ئازادییدا بژی، چونکە هەوڵی مرۆڤ گەیشتنە بە ئازادیی بێ بەرپرسیارێتی و ژیانێکی بێ ئیلزامی، کە هەموو کات لە ژیانی مرۆڤانەدا سنووربەزاندنی ئازادییەکان هەڵگری چەمکێکی نەرێنین، بەڵام لە ژیانی ئاژەڵانەدا هەم ئازادی هەیە بێ بەرپرسیارێتی، هەم ژیان هەیە بێ ئیلتزامی، کە بە پێوەرە عەقڵی و ژیانە ئاژەڵییەکەش هەڵگری چەمکی نەرێنی نییە...هەروەکو دەڵێت:

**گەر حەزمان بکردایە دەوەڕین**

**من لاقێکم بەرز دەکەمەوە و**

**بە دارتێلێکدا**

**بە قەدی درەختێکدا**

**دەمیزیم**

**دەفتەر نفووس و ڕەگەزنامەمان،**

**لەگەڵ خۆمان هەڵنەدەگرت،**

**بەبێ پاسەپۆرت لە سنوورە**

**دەستکردەکان دەپەڕینەوە.**

لەسەر بنەمای نەبوونی ئاگایی و تێگەیشتنی مرۆڤانە ژیانی ئاژەڵانە دوورە لەم پەیوەستبوونانەی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، شاعیر بە ئاگاییەکی مرۆڤانەوە خواستی بە ئاژەڵبوون دەخوازێت، کە ئەمە لە ڕووی لۆجیکییەوە نایەتەوە. بەڵام ژیانی مرۆڤیش بە گشتی و بەپێی کولتوورە جیاوازەکان پابەندی جیاوازی هەیە، کە بەشێکی خواستی شاعیر بوونی ئازادییەکە دوور لە هەموو پێوەرە مرۆییەکان، بەشێکیشی پەیوەستە بە نائازادییەک، کە لەکولتوور و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە..

بەکورتی لای شاعیر بۆ گەیشتن بە خەونی ئازادیی ڕەها و ژیانێکی بێ بەرپرسیارێتی، ژیانێک، کە ئیرادەی ڕۆحییەتی بوون و ماهییەتی مرۆڤ بە باش و خراپییەوە تیایدا هەڵسوڕێت و هیچ بەربەستێکیش نەیەتەڕێی، هۆکاری چونی مرۆڤە بۆ ژیانی ئاژەڵی و وەرگرتنی پەسەندیدەیی زیاترە بە ژیانی مرۆڤی.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**3/ ئایین:** بوونی ئایین لە ژیانی مرۆڤدا لە هەموو سەردەمەکاندا ئامادەییەکی قووڵی هەیە، ئەمەش لە جیهانبینی و بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی چۆنێتی ژیانی مرۆڤدا ڕەنگیداوەتەوە. ئایینەکان بە گشتی جۆرێک لە ڕوانین بە مرۆڤ دەدەن و هاوکات ئاراستەکەریشن. بەتایبەتیش شاعیران، کە دەیانەوێ بە سوودبینین لە چیرۆک و ڕووداوەکانی نێو کتێبە ئایینییەکان بنیات و ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکانیان برازێننەوە و دەوڵەمەندی بکەن. یەکێکیش لەو بابەتانە ڕەنگدانەوەی ئاژەڵە، کە بابەتێکی ئایینی فراوان و فرەڕەهەندە لەوانەش ئاژەڵی سەگ، [بەتایبەتیش ئایینی ئیسلام]، چونکە جیهانبینی ئیسلام بەرامبەر بە ئاژەڵی سەگ دوو لایەنەیە، ئەرێنی و نەرێنییە. چەند ئەرێنییە دوو هێندەش نەرێنیە، بەڵام ڕوانینی ڕەخنەگرانەی شاعیر بۆ ئایین زیاتر لە نەریت و ئاراستەکردنەکەدایە، کە ئەویش وەک هەموو بوارەکانی دیکە مرۆڤ پابەند دەکات بە کۆمەڵێک کردە و ڕێنمایی. تەنانەت ((گەلێک جار شاعیران بەهۆی فرە ڕەهەندی ئایینەوە، دەتوانن هونەرمەندانە وێنەی نوێ لەو دەقانەدا بنیات بنێن، کە پەیوەندی بە ئەزموونی تایبەتی خۆیانەوە هەیە))(الجنابي: 1989، 99). بەهەرحاڵ، داواکارییەکانی ئایین فرەن، کە شاعیر ئاماژەیان پێدەدا لە جلپۆشی و چی خواردن و خواردنەوەو نەفرەتکردن لە شەیتان و بینینی وەک خراپ و بوون بە بکوژی شەیتان...هتد. لەو ڕووەشەوە، ئەوەی لە دەقە شیعرییەکەدا بەرچاو دەکەوێت، ئەوەیە کە شاعیر لە شیعرەکەدا تووڕەیە لە هەموو کایەکان، چونکە ژیانی مرۆڤ جڵەوگیر دەکەن، لە کۆمەڵگەی خۆشماندا ئایین و کولتووری ئاینی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، بە تایبەت لە دۆخێکدا، کە پیاوانی ئایینی زۆرتر لە هەموو کەس دەیانەوێت بەشداری ژیانی مرۆڤ بکەن و بەپێی ویستی خۆیان ئاڕاستەی بکەن، کە دنیای شیعری شاعیریش دژی ئەم دید و ئاڕاستەکردنە دەوەستێتەوە، هەروەکو دەڵێت:

**کەس پێی نەدەگوتین بۆ وەسڵی بەردەڕەش ماچ ناکەن**

**بۆ بەردێک ناگرنە شەیتان**

**گەر من سەگێکی گۆڵ و**

**تۆ سەگێکی دێڵ بوویتایە،**

**بۆ مارەبڕین،**

**پێویستیمان بە کۆلکەمەلا نەدەبوو....**

**کەس پێی نەدەگوتین بۆ وەسڵی بەردەڕەش ماچ ناکەن**

**بۆ بەردێک ناگرنە شەیتان**

**4/ کولتوور:** کولتوور، کۆمەڵێک تایبەتمەندی مادی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحییە، کە ئەندامانی کۆمەڵگەی پێ دەناسرێتەوە و لەسەری ڕێکەوتوون و((بەجۆرێکی هۆشیارانە، یا ناهۆشیارانە لەشێوەی بیروڕاو نەریت و نرخ پێداندا لەخۆی دیاری دەدا و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی بەجێدەهێڵێ، بەواتایەکی تر، کولتوور بریتییە لە ئاوێتەیەکی پتەوی ئەو بیرو سەرنج و هونەر و زانیاری و ئاین و تاقیکردنەوانە کە لە چوارچێوەی نەریت و خوڕەوشتدا خۆیان دەنوێنن))(نەبەز: 2007، 30). گومانی تێدا نییە، کولتووریش بەهۆی فرە ڕەهەندی بابەتەکانییەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆ نموونە سەردەمی نوێ سەردەمی تێکەڵاوبوونی کولتووری نەتەوەکان و نەمانی نۆرمە کۆمەڵییە تایبەتییەکانە و سەردەمی پێکەوە ژیانێکی گشتییانەی نەتەوە جیاجیاکانە، لەم نێوەندەشدا هەر نەتەوەیەک چەند بە چاوێکی پڕ بەها و سیمای جیاکاری و نەتەوەیی سەیری کولتوور دەکات، هێندەش بەچاوێکی ڕەخنە و پرسیارەوە سەیری دەکات.

هەربۆیە کولتوور، ئەگەر خاو بێت لە تێرکردنی دونیابینی تاک و دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی هەڵگرانیدا، ئەوا دەبێتە جێی لۆمە و ڕەخنەلێگرتن. وە هەر کولتوورێکیش، ئەگەر بووە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی هەڵگرانی و نەمانی ئازادییەکانیان و مرۆڤبوونی بە واتا قووڵەکەی تیانەچاندن، ئەوا کولتوورێکە ناتوانێت لەگەڵ سەردەمە نوێکان و ئەو گۆڕانکارییانەی لە دونیای گلۆباڵدا دێنەپێش هەڵبکات. لەم ڕوانگەیەشەوە (قوبادی جەلیزادە) دوای ڕۆچوون بە گرنگی و بەهای کولتووری کوردیدا، پێی وایە کارنامەی خۆی ناپێکێت، بۆیە ڕەخنەی لێدەگرێت و دەیخاتە ژێر تاقیگەی پرسیارەوە و پێی وایە هێندەی کار لەسەر بە نامرۆڤبوونی مرۆڤ دەکات، نیو هێندە کار لەسەر پەروەردەکردنی مرۆڤ و گۆشکردنی بە چەمکە باڵاکان ناکات. واتە نەمانی بەهای کولتووریی و لەدەستدانی ئەرکە بنەڕەتییەکەی خۆی، ئەمە جگە لە لەدەستدانی جیاوازییە کرۆکییەکانیان، کە هۆکاری چوونی ژیانێکی مرۆڤانەیە بۆ ژیانێکی ئاژەڵی لە ڕوانگەی بە کولتوورییەکانی وەک:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1



Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**أ/ ڕێزنەگرتن لە ئاژەڵان:**

بەدەم بەردی منداڵەوەرتکان

بەیەکەوە دەمانقروسکان

**ب/ نامۆبوون بە خۆشەویستی و پێکەوەبوونی عاشقەکان:**

لە کافییەکدا، ترس گەمارۆی نەدەداین.

**پ/ ڕێزنەگرتنی ئازادییە کەسییەکان و نەفرینکردنی تاک لەسەر بنەمای پێوەری ئایینی:**

کەس پێی نەدەگوتی: تەنوورەکەت

بۆ ئەوەندە کورتە

کەس پێی نەدەگوتم:

دەک بە ژەهرت بێ ئەم قاپە عارەقە

**5/ سیاسـەت:** زۆرکات مرۆڤ بە ئاژەڵێکی سیاسی دادەنرێت. سیاسەت ڕۆڵی کارای لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، کایەی سیاسەت، وەک ئایین فراوان و فرە ڕەهەندە، چونکە دەسەڵات بە گشتی ڕۆڵی خاوەندارێتی هاوڵاتیانی دەگرێتە ئەستۆ و هاوڵاتیانیش دەکاتە سیاسی. دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و بڕیاردان و یاسادان...هتد هەمووی دەچنە ناو کایەی سیاسی، کە ئەمانەش پێکهێنەری ژیانی مادی و کولتوری و فەرهەنگی...هتدی مرۆڤ دەکەن. بەواتایەکی دیکە، ((سیاسەت، یەکێکە لەو زانستە کۆمەڵایەتییە گرنگانەی، کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی بنەچە و بونیاد و ئەرک و ئایدۆلۆژیای ڕێکخراو و ڕووداو و دیاردە سیاسییەکانی کۆمەڵگە دەدات. هەروەها هەوڵەکانی لەسەر ڕاڤەکردنی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەردەوامی و گۆڕانی چڕدەکاتەوە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە. سیاسەت لە دەوڵەت دەکۆڵێتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ، بایەخیش بە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان تاکەکان و دەسەڵات دەدات و ئەو پەیوەندییەی لەسەر چەند ڕێسا و پاساوی ڕەوا دادەمەزرێت، کە هەردوولا دانی پێدا دەنێن))(ئەلحەسەن"د": 2012، 312-313).

لەو چوارچێوەیەشدا، شاعیر لەم شیعرەدا ویستی ئازادبوونی ڕەهای لە هەموو پابەندییەکاندا هەیە. هەر بۆیە کاتێکیش ویستی ئازادبوون لای مرۆڤ سەرهەڵدەدات، ئەوا خولیا و خەیاڵی ئازادبوونی دەبێت. کردەی ئازادبوونیش زۆرکات لە واقیعدا کاری بۆ دەکرێت، بەڵام کاتێک واقیعی سیاسی ناوچەیەک دەبێتە شوێنی سزادانی مرۆیی، ئاوا ویستی بە ئاژەڵبوون زاڵدەبێت. شاعیر بە هۆشیارییەوە ئازاری دەسەڵاتی سیاسی ئێرە دەگوێزێتەوە و لە چەند ئاستی جیاوازی چەوساندنەوەی بوونی مرۆییدا دەیخاتەڕوو. لای شاعیر ژیان لەم دەڤەرەدا ناچارت دەکات، کە ملکەچی ئەویتر بیت، دەسەڵاتیش بەردەوام دەیەوێت زەلیلمان بکات و بمانکات بەهێزی خۆی، بۆیە شاعیر دژی دەسەڵاتی سیاسی ئەم هەرێمە لەسەر ئاستی بەڕێوەبردن و حیزب و بڕیاردان و یاساش هەڵوێست وەردەگرێت. شاعیر لە ژیانی ئاسایی خەڵک هەڵوێست وەردەگرێت، تا هەموو ئاستەکانی دیکەی دەسەڵاتی کوردی، کە لەبری سیاسەتی ڕاستەقینە، کە خەمی ڕێزگرتنە لە بەهای هاوڵاتی، سووکایەتی بە بوونی دەکات. لەم واقیعە تاڵەی کوردستانەوە، کە شاعیر جۆرێک لە نائومێدی تێدایە بۆ گۆڕینی خۆی دەگۆڕێت، یان خۆزگەی خۆگۆڕینی بۆ ئاژەڵ هەیە، واتە خولیای واقیع گۆڕی بۆ خۆگۆڕی ئەنجام دەدات.

**6/ تەکنەلۆژیا:** تەکنەلۆژیا، بەمانای شارەزایی هونەریی، یاخود زانستی شێوازە پیشەسازییەکان دێت... کەواتە مانا زانستییەکەی تەکنەلۆژیا ((بەو کۆمەڵە تەکنیک و لێهاتوویی و زانیاری و شێوازی دروستکردن و بەکارهێنانی ئامراز و میکانیزمە پێناسە دەکرێت، کە مرۆڤ لە هێنانەدی مەبەستگەلێکی سوودبەخش و بەکەڵکدا سوودی لێ وەردەگرێت))(ئەلحەسەن"د": 2012، 154-155). بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆدا، کۆی هەموو ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ دەیەوێ دەست بەسەر ژینگەدا بگرێت، تا بەهۆیەوە بتوانێت هەموو ئەو کەرەستە و وزەیەی، کە تێدایە بۆ خزمەتی خۆی و تێرکردنی پێداویستییەکانی خۆی بەکاربهێنێت و سوودیان لێ وەربگرێت. لەوانەش، وەکو خۆراک، جلوبەرگ، شوێنی نیشتەجێبوون، گواستنەوە و گەیاندن، ئاسانکاریی پزیشکی و کۆمەڵایەتی و کات بەسەربردن.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەو ڕوانگەیەشەوە، شاعیر دەیەوێ لەم دەقە شیعرییەدا لەڕێگەی کارەکتەری بەئاژەڵبووی تایبەتی خۆیەوە بڵێت: مرۆڤ بەگشتی لە ئەنجامی توانەوەی لەنێو ماددەدا، ئەرک و ئامانجی مرۆڤبوونی خۆی لەبیرکردووە، مرۆڤ و ئاژەڵ بەبێ جیاوازی لە خەمی دونیا و بەڕێکردندا هاوبەشن، هاوبەشن لە کەوتنەداوی ژیانەوە، ئاست نزمی ئاژەڵ لەچاو مرۆڤدا نابێتە هۆی ڕەوینەوەی مەینەتییەکان و ئاست بەرزی مرۆڤیش لەچاو ئاژەڵ لە توانای دەرککردن و زانیندا، جگە لە کەڵکەڵەبوونی زیاتری خەم و نەهامەتییەکان، نابێتە هۆی بارسووکبوونی ئازارەکان.

شایانی باسە، مەینەتییە مرۆڤییەکانی ئەم شیعرە لەوپەڕی بەئاژەڵبوونیشیاندا کەمنابنەوە، لەڕێگەی باسکردنی ژیانی ئاژەڵانەوە لە ئاژەڵ نادوێ، بەڵکو لە مرۆڤنەبوونی مرۆڤ دەدوێ و مولوولەی وردی مرۆڤانەمان دەبزوێنێ، کە لەدەستماندراوەو وامان لێ دەکات بژاردەی ژیانی، جگە لە مرۆڤی هەڵبژێرین و هۆکاری نامرۆڤبوونەکانمان پێ دەدرکێنێت.

لەڕاستیدا، گرنگترین خاڵی کاریگەر و شیعرییەتی مانایی ئەم دەقە لەوەدایە، کە دەبێتە دەروازەیەک بۆ ناسین و نامۆبوونی مرۆڤی ئێستایی و خەمەکانی، شیکارییەکی مرۆڤناسانەیە بۆ بەئامێربوونی ژیان، ڕۆچوونە بەناو بەها و تێگەیشتن لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی نوێ، کە لەژێر سایەی سیستەمی سەرمایەداری و تەکنەلۆژیا و ئابوری و بەرەوپێشچوونە تەکنەلۆژییەکاندا بەکاڵاکراوە و لە خودی خۆی نامۆکراوە. ((سەرەتای سەدەی بیستەم دەرکەوتنی قۆناغی دووەمی شۆڕشی پیشەسازی بوو، سەرەتای گۆڕینی وزەی زیندووێتی مرۆڤە بە وزەی ئامێری، گۆڕانی هزری مرۆڤایەتییە بە هزر و جووڵەی ئامێری))(فروم: 1973، 37). لێرەشەوە بەئاژەڵبوون لە ئەدەبیاتدا دەبێتە هەوڵێک بۆ گەڕاندنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤ، کە لەژێر سایەی هەژموونگەرایی سەدەی مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنەدا تووشی هاتووە، کە تێیدا مرۆڤ خۆی لە چوارچێوەیەکی میکانیکیدا دەبینێتەوە و مرۆڤی کردووەتە ئامێرێکی بەکاربراوی سیستەمکراو، کە بەهایەکی مرۆڤبوونیان بۆ مرۆڤ نەهێشتبووەوە، بۆیە بژاردەی بەئاژەڵبوونی مرۆڤ لە ئەدەبیاتدا دەبێتە بژاردەیەکی جێگرەوەیی و هاتنی ئازادی بۆ مرۆڤ، چونکە ژیانی ئاژەڵی بە بەراورد بە ژیانی مرۆڤی ئازادی زیاتری تێدا دەبینرێت. بەدیوێکی تردا (قوبادی جەلیزادە) لەم شیعرەیدا پێی وایە، کاتێک تەکنەلۆژیا و سەدەی مۆدێرن شتێک بەناوی مرۆڤبوون بۆ مرۆڤ ناهێڵێتەوە، مرۆڤ لە نیشانەکانی مرۆڤبوون دادەماڵێت و جیاوازی ژیانیان کاڵدەکاتەوە، تا بەرەو نەمانی دەبات، هەر لە بێ ئامانجی ژیان و بەهای بەڕێکردنەکەی، تا ئامانجەکانی تر... بۆیە جگە لە بەرەو ڕێچکەی ژیانی ئاژەڵی چوون ڕێچکەیەکی تر لەبەردەستا نابینرێت، یان ئەوەی ئێستا بەناوی ژیانی مرۆڤی تێیدەپەڕێنین لەڕاستیدا ئاژەڵییە...

خوێنەر کاتێک بەر ئەم شیعرە و هەندێک لە سووژەکانی وەک: (مۆبایل و هەیمەنەی شاشەکان- جوانکاری ژنان و بەرەوپێشچوونەکانی- دەورەدانی ژیانی مرۆڤ بە هێڵێکی تەنراو لە جاسووس و سیخوڕ...هتد) دەکەوێت، تووشی گێران و وەستان و هەڵوێست لەسەر وەرگرتن دەبێت، ڕامان و سەرسامبوونی خوێنەران لە نیشانە سەرەتاییەکانی ئەدەبییەتی"*Literariness*" ئەم دەقەن، چونکە خوێنەر دەباتەوە ناو خۆی و وای لێدەکات بەدوای شوناسی خۆیدا وێڵ بێت، وێڵ بێت بەدوای ئەوەی، کە بەناچارانە لە ژیانێکی بەکاڵاکراودا ڕازی بێت و بژی، کە لێی ڕازی نییە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:1-23




له کۆتاییدا به پێویستی دەزانین وەڵامی ئەو پرسیارە جەوهەرییە بدەینەوە کە:

- بۆچی ئەبێ لەتاو نەگەیشتن بە یار ڕەوابێ نالی و وەفایی خۆیان بکەنە سەگی بەردەرگاکەی، تا وەڵامێکی لێ وەربگرن؟! بەڵام بۆ شاعیر لەپێناو پێکەوە ژیانێکی جوانی و سادەیی لەگەڵ یاردا ڕەوا نەبێ خۆزگە بە ژیانی بەسەگبوو بخوازێت؟!
- بۆچی بۆ مەحوی و شێخ ڕەزا ڕەوا بێ لەتاو خۆشویستنیان بۆ پەیامبەر(د.خ) و کاک ئەحمەدی شێخ خۆیان بە سەگی بەردەرگایان بکەن؟! بەڵام بۆ (قوبادی جەلیزادە) لەتاو دونیای دین بەزۆر و زاڵبوونی دیدی سەلەفی و فرۆشتنی کولتوور بە تیژی ئایینی، تەداخولی دین لە هەموو کایەکان و خراپ بەکارهێنانی ئایین لەلایەن پیاوانییەوە، ناڕەوا بێت خۆزگەی بە ژیانێکی بەسەگبوو بخوازێت؟!
- بۆچی بەکەرکردنی خەڵکی لەئەنجامی بەدکاری و خراپی ڕەفتاریان بۆ بەختیار زێوەر و قانع ڕەوا بێ؟! بەڵام بۆ (قوبادی جەلیزادە) کە لەئەنجامی خراپەکاری خەڵکی خۆزگەی بەسەگبوون بۆ خۆی و یاری بخوازێت، تا لێیان هەڵبێت ناڕەوا بێت؟!

بەکورتی بۆچی پرۆسەی بەئاژەڵبوون بۆ شاعیرانی پێش (قوبادی جەلیزادە) بۆ خۆیان، یان "بەبەرازکردن و بەسەگکردن و بەکەرکردن ...هتد"ی بەرامبەر ڕەوایە و بە شیعر و هونەری باڵا ئەژماربکرێت و تووشی هیچ جۆرە ڕەخنەیەکیش نەبنەوە، بەڵام بۆ شاعیر لەپێناو نائومێدبوون لە مرۆڤ و مرۆڤبوون و ژیانەکەی، کە تەنیا لە سەرەتای پرۆسەیەکی خۆزگە بە ژیانێکی بەسەگبوو بۆ خۆی و یاری بخوازێت، تووشی دەیان ڕەخنەی کەسی و نازانستی بێتەوە و خۆشی و شیعرەکەشی ڕەتبکرێتەوە؟!
لێرەدا هەوڵدەدەین لە چەند گۆشە و ڕوانینێکی جیاوازەوە وەڵامی ئەم سەرنج و پرسیارانە بدەینەوە:

1- بێئاگایی خوێنەری کورد لە کولتوور و مێژووی ئەدەبیاتی نەتەوەیی خۆی، تا بزانێت لە بیر و دونیابینی و مینتالیتی پێشووماندا چی گۆڕاوە و چۆنیان لە ژیان و بابەتە جیاوازەکانی ڕوانیوە؟
2- شاعیرانی پێش قوبادی جەلیزادە بوونەتە مێژوو، واتە بە تۆێژاڵێکی پیرۆزکراوی ڕابردووییانە دەورەدراون، وەک لای هەمووانیش ئاشکرایە لە دونیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر شت و کەس و بابەتێک بووە ڕابردوو بەرگی پیرۆزی لەبەردەکات و شەعبییەت "خواستراوی کۆمەڵی-گەلی" وەردەگرێت، دەستبردن و ڕەخنەگرتن لێیان دەبێتە بابەتێکی نەویستراو و قبوڵنەکراو، ئەمە جگە لەوەی وەک لێدان لە فیگۆرێکی نەتەوەیی سەیردەکرێت کە ئەدەب و هونەرە....
3- بەئاژەڵبوون لای شاعیرانی پێش (قوبادی جەلیزادە) زۆرینەیان لەپێناوی ئامانجێکی ئایینی و خۆکەمکردنەوە و خۆنزمکردنەوە بووە، تا ئاستی سەگی بەردەرگای "پەیامبەر(د.خ)- شێخ...هتد"، کە ئەمەش خواستراوییەکی گشتییانەی لەسەرە و دەبێتە هۆی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:1-23
المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەخشین و ڕەوایەتیدان بە دید و پرۆسەکە، بەڵام لای شاعیر ئامانجێکی خودییانەیە لە تاکیکەوە، کە هەڵگری بەئاگاییەکی باڵایە و بەهۆی دەرککردن بە نەمانی بەهاکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

4- هۆکارێکی تر، بریتییە لەوەی شاعیر ماوە و ئەوان مردوون، وەک ئاشکراشە لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتیدا مردووەکان دەخەنە دۆخی ڕەوابینی و خاوەن ماف و کەسێتییەکی پیرۆزکراوی ڕێپێدراو لە بیرۆکە و گوفتار و ڕەفتاری...، بەڵام زیندووەکان زۆرترین ڕەخنە لەخۆدەگرن و تا لێواری مەرگ لەسەر بابەتێک دەبیەن، کە مردیش، ئینجا دەکەونە وەسف و ستایش، کە بەڕاستی خاوەنی دیدی داهێنەرانە بووە.

5- بەداخەوە کۆمەڵی ئێمە وەک کۆمەڵگاکانی تر گەشەکردنێکی سروشتیانە گەشەی نەکردووە، بەجۆرێک لە دۆخی پێویستییەوە ڕاستەوخۆ بۆ دۆخی کەمالی و ئارێشگایی ڕۆشتووە، لەگەڵ گەشەسەندنی زانست و تەکنەلۆژیاش دەروون و دونیابینی و ڕۆحیەتی یەکترقبوڵکردنمان گەشەی نەکردووە. واتە پێشکەوتنەکانمان هێندەی جوانکارییەن نیو هێندە جەوهەری نین و گیانێکی مەعنەویی بەهێز و ڕۆحیەتی لێبوردەیی و یەکترقبوڵکردنی تیا نەناشتوین، شاعیرێکە و شیعر دەڵێت، لەناو کەش و بیر و ئەندێشە و دونیا ئەدەبییەکەی خۆی دونیایەکی ڕۆناوە، کە خوێنەر دەوروژێنێت لەسەر بەراوردکردنێکی ژیانی پڕ ئیلتیزامی مرۆڤی و ژیانی پڕ لە سەربەستی ئاژەڵی، کە وەک خۆی و وەک تێکستێکی ئەدەبی قبوڵنەکراو و لە چوارچێوەی ڕەخنەیەکی کولتووری و ئاکاری دواکەوتوودا وەریانگرت و تووشی ئەو هەموو وتار و ڕەخنە کەسی و قبوڵنەکردنە بوویەوە، بۆیە لە مێژە وتومانە (قوبادی جەلیزادە) باجی دژەباوی و نەڕۆشتن لەگەڵ شەپۆلی نۆرمی کۆمەڵی دەدات، بەداخەوە شاعیر بە پێوەرە ڕەخنەییە کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان شاعیرێکی خۆشویستراو و قبوڵکراو نییە، هۆکەشی ڕوونە، کە بەهۆی نووسینی هەندێک بابەتی وەک ئیرۆتیک و بەئاژەڵبوون و ....هتد وەیە.

**ئــەنــجــام:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1/ بە ئاژەڵبوون هەڵگری دوو دۆخی دوالیزمی دژبەیەکە بەجۆرێک:

- جارێک شاعیران خۆیان لە ئاستی ئاژەڵدا دەبیننەوە وەک دۆخێکی ڕۆحی گەردوونی، کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان گیانلەبەراندا ناکەن، چونکە ئەوەی هەڵگری ڕۆح بوو هەڵگری "وزە و جووڵە و گەرمی"یە. لێرەشەوە ڕۆح دەبێتە سەنتەری یەکسانیهێن و کانگای ئەم تێمەیە و سروشی وێنە شیعرییەکان.

- جارێکی تر بە دیوی خۆ بە کەمبینینەوە و خۆنزمکردنەوە لە ئاست بەرزی مرۆڤ، خۆیان بە ئاژەڵ دەکەن، ئەم خۆبچووککردنەوەیەش لەپێناو گەیشتنە بە ئامانجێکی باڵا، ئەویش خۆکردنە قوربانی عەشق و لێکنزیکی مەعشوقە، جا ئایا عەشقی مەجازی بێت، یان حەقیقی، یان هەندێک جاری تر بۆ لێدان لە سەرجەم بەها کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکانی کەسێکی بێعەقڵی ناپەسەندە؟ ناپەسەند بە پێوەری باوی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵ، تا ئەوەی بەئاگایانە لە تێکستە شیعرییەکانیاندا بەئاژەڵی دەکەن و لە مرۆڤبوون دەری دەکەن، لەم بەرهەمانەدا ئاژەڵ و سیما ئەرێنییەکانی زۆر لە سەروو مرۆڤ و سیما نەرێنییەکانی دادەنێنن.

2/ دیدی بەئاژەڵبوون لە لای شاعیرانی کلاسیک زیاترە بە بەراورد بە شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە زیاتر کاریگەردانانی دیدی ئایینییە لەسەر ئەو شاعیرانە، چونکە لە سەرچاوە ئایینییەکاندا بەتایبەت ئایینی ئیسلام لە چەندین شوێندا لەسەر بنەمای بێ باوەڕی جەخت لەسەر بەئاژەڵبوونی مرۆڤ کراوەتەوە.

3/ بەگشتی بەئاژەڵبوون لای قوبادی جەلیزادە لە دیدێکی فەلسەفی و خودێکی گومانکەرەوە سەرچاوە دەگرێت، کە جیاوازی ناکات لەنێوان هەڵگری ڕۆحەکان، کە ئاژەڵە یان مرۆڤە، مرۆڤە یان ئاژەڵە، کە لە یەک سەرچاوەی ڕۆحییەوە کەوتنەوە بۆ دەبێت بە دوو ئاراستەی دوالێتی دژبەیەکی بەرز و نزم بڕۆن؟!.

4/ بەئاژەڵبوون لای شاعیر لە ونبوونی بەها باڵاکانی ژیانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر لە نەمانی بەهای سروشت و سادەیی ژیان و خاڵیبوونەوەی ئایین لە کەشە ڕۆحییەکەی و گۆڕین و داتەپینی نۆرم و کولتووری کۆمەڵگا و بەئامێربوونی مرۆڤ، تا توانەوەی مرۆڤ لەناو دونیای تەکنەلۆژیا و داماڵینی سیاسەت لە هەموو تیز و چەمکە مرۆڤدۆستییەکانی...هتد. وا دەکەن مرۆڤ لە مرۆڤبوون بخەن و ژیانێکی جگە لە ژیانی مرۆڤی چاوەڕێ بکات.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ کتێب:

**- بە زمانی کوردی:**


1- ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد"د"(2012)، ئینسکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و: دانا مەلا حەسەن، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی.
2- ئیبراهیم، گۆران(2017)، داروین و رەچەڵەکی مرۆڤ، چ2، ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، سلێمانی.
3- ئەنگلس، فردریک(2004)، رۆڵی کارکردن لە گۆڕینی مەیمون بۆ مرۆڤ، و: کەریم مەلا رەشید، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، سلێمانی.
4- پەشێو، عەبدوڵلا "د"(2002)، بێ ناوی چاپخانە، سوئد.
5- پیربال، فەرهاد"د"(2004)، رێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
6- تاڵەبانی، شێخ رەزای(2003)، شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
7- تالیس، ئەرستو(2009)، میتافیزیک، و: سیدۆ داود عەلی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
8- جاف، ئەحمەد موختار(1986)، د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، چاپخانەی "الادیب"، بەغدا.
9- جەمال، سۆزان(2012)، لەگەڵ سایکۆلۆژیادا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
10- داراغا، جەوهەر مەحمود(2007)، هەزار و یەک شەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
11- داروین، چارلز(2018)، رەچەڵەکی چەشن، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: نوری کەریم، ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، سلێمانی.
12- زێوەر، بەختیار(2008)، مەحموود زێوەر، چ3، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
13- سالم(2015)، ساغکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی.
14- سەراج، عەبدوڵلا(2007)، بەرەو... ئاستانەی رۆمان و گۆشەنیگاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
15- شارەزووری، محمد ساڵح(1982)، داروین لە تەرازووی ژیریدا، چاپخانەی الادیب البغدادی، بەغدا.
16- کوردی(1387)، گیوی موکریانی، بێ ناوی چاپخانە، سنە.
17- گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن(2004)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (1970- 1991)، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی.
18- قانع(1393)، کۆکردنەوەی: بورهان قانع، چ8، چاپخانەی دالاهو، سنە.
19- قەرەداغی، عەتا(2008)، فانتازیای گەرانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
20- فەرهادپوورد، موراد(2006)، جوانیناسیی شکست، و: مەنسوور تەیفووری، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
21- فرۆم، ئەریک(2012)، جەوهەری مرۆڤ، و: ئەردەلان عەبدوڵلا، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
22- عارف، حەمەکەریم(2009)، ناودارانی ئەدەب، چاپخانەی خانی، دهۆک.
23- نالی(1387)، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس و محەمەدی مەلا کەریم، چ5، انتیشارات کردستان، سنە.
24- نەبەز، جەمال(2007)، ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، چ2، چاپخانەی منارە، هەولێر.
25- مەحوی(1386)، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس و فاتیح عەبدولکەریم، چ5، انتیشارات کردستان، سنە.
26- مۆلێر، جان ماری(2013)، فەرهەنگی ناتوندوتیژی، و: عومەر عەلی غەفور، دەزگای ئاراس، هەولێر.
27- مونیف، عەبدولرەحمان(2006)، تیشکێک بۆ سەر رۆمان، و: شیرین. ک، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
28- وەفایی(1390)، محەمەد سەعید نەجاری"ئاسۆ"، انتشارات کردستان، سنە.


**- بە زمانی عەرەبی:**


29- الياس، الشيخ محمد حسن(1976)، الانسان بين الخلق والتطور، القسم الاول، مطبعة المعارف، بغداد.
30- فروم، اريک(1973)، ثورة الامل، نحو انسنة التقنية، ت: ذوقان قرقوط، منشورات دار الاداب، بيروت.
31- ضيف، شوقی"د"(1976)، في النقد الأدبي، ط4، مطبعة دارالمعارف، القاهرة.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (1)، حزيران 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**-به زمانى ئينگليزى:**

*32- E. BRESSLER,CHARLES(1975), LITERARY Cleanth Brooks, Florida. U.S.A.*

**سێیەم/ نامەی ئەكاديمى:**

32- الجنابي، محمود جابر عباس(1989)، حركة نقد الشعر العربي الحديث في العراق 1968-1980، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، اربيل.

33- صالح، بشرى موسى(1987)، الصورة الفنية في نقد الشعر العربي الحديث، رسالة دكتوراه، كلية الآداب، جامعة بغداد.

34- الساعدي، خالد سهر محي(1999)، قصص الحيوان جنسا ادبيا- دراسة اجناسية سردية سيمائية في الادب المقارن، اطروحة دكتوراه، الجامعة المستنصرية، كلية الاداب.

35- محمد، شاكر صابر(2003)، البنيات الذلة بين "كليلة و دمنة" و "الف ليلة و ليلة" (خرافة الحيوان) انموذجا، رسالة الماجستير، جامعة السلمانية، كلية اللغات.

**چوارەم/ بڵاوكراوەكان:**

36- سەعيد، جەلال ئەنوەر"د"(2019)، ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لە شیعری کوردیدا، دووهەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی توێژینەوە زمان و وێژەی کوردی و فارسی (زمانناسی و بووتیقا)، زانکۆی کوردستان، سنە.

37- سەعيد، جەلال ئەنوەر"د"(2016)، گێرانەوە بە زمانی ئاژەڵان ڕۆمانی "گەماڵ"ی خوسرەو جاف بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە: 39، کۆیە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.1.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)